دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٦٥

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

دووشەممە ● ١٢ پووشپەڕی ١٣٨٦ ● ٣ی جولای ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

### خاویەر سۆلانا:

## ئێران دەستی لە ڕووداوەکانی غەززە و لوبنان دایە

هەواڵدەری ڕۆیتێرز رایگەیاند کە سۆلانا ئێرانی بە دەست هەبوون لە ڕووداوەکانی غەززە ولوبنان‌دا تاوانبار کردوە.

خاویەر سۆلانا لە" کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی نزیك" کە بە دەستپێشخەریی فراکسیۆنی سۆسیالیستەکان لە پارلمانی ئورووپا پێك هاتبوو گوتی: ئێران دەستی لە ڕووداوەکانی غەززە و لوبنان دا هەیە.

لە ٢٤ی ژوئەن دا ٦ سەربازی ئیسپانیایی لە هێرشێك دا کە کرایە سەر هێزەکانی پارێزەری ئاشتی(سەر بە UN) لە لوبنان گیانیان لە دەست دا. هاوکات لە ناوچەی غەززە(فەلەستین)یش، گرووپی حەماس لە هەڵگەڕانەوەیەکی ئاشکرا لە دژی دام و دەزگای خودموختاری فەلەستین‌دا، کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیەی بەدەستەوە گرت. سۆلانا گوتی: ڕووداوەکانی غەززە و لوبنان لێك جیاواز نین. هەروەها گوتی: "عەلی لاریجانی" بەرپرسی وتووێژە ناوکی‌یەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا بە راشکاوی رای‌گەیاندوە کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لە گرووپی حەماس دەکا. ناوبراو گوتی: ڕووداوەکانی لوبنان و غەززە نەك هەر پێوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لەوانەشە پێشتر گەڵاڵەیان بۆ دارێژرابێ.

ماڵپەڕی: "ایران امروز"

# گەلیٚ گریاوە شاریٚ بۆ مەزاریٚ ....... دەبیٚ شینی چلۆن بیٚ مەرگی شاریٚ

## جیرەبەندیی بێنزین ئاگربەردان لە ژیانی خەڵك یا لە بناغەی ڕێژیم

**ب. هیوا**

ڕۆژی چوارشەممە ٦ی پووشپەڕ، دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد، لە پڕ بڕیاری جیرەبەندیی بێنزینی ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی جیرەبەندیی بێنزین زنجیرەیەك بشێوی و ئاڵۆزیی گەورەی لە ئاستی تاران و سەرانسەری ئێران دا لێ‌کەوتەوە، ئەم جارەیان خەڵکی تووڕە لە سیاسەت و بەرنامەکانی دەسەڵاتبەدەستانی بێ‌کیفایەت، بێنزینخانەکانیان کرد بە نیشانەو، ئاگری ڕقی پەنگخواردووی خۆیان بەگژدا کردنەوە.

جیرەبەندیی بێنزین خەڵکێکی زۆر لە توێژە نەدارو کەمداهاتەکانی وڵات لە نان و ژیان دەکا. ئەوان وەك زۆربەی خەڵکی وڵات بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان ناچارن پەنا ببەنە بەر دوو تا سێ کار. یەك لەو کارانە کە بە زۆری مووچەخۆرانی کەم داهات بۆ وێنە مامۆستایان و کارمەندانی دەستتەنگ گۆشەیەك لە پێویستی‌یەکانی ژیانی سەختی بنەماڵەی خۆیانی پێ‌دابین دەکەن، مسافیرکێشی بە ماشێنەکانیان لە کاتی دەستبەتاڵی دایە. بەڵام جیرەبەندیی بێنزین ڕێگای ئەم کارەیان لێ‌دەبەستێ. جگە لەمە ئەم جیرەبەندییە وا دەکا، هەم نرخی بێنزین لە بازاڕی ڕەش گرانتر ببێ کە خەڵکێك چارناچار دەبێ لەوێی بکڕێ، هەم لەسەر نرخەکانی دیکە وەك کرێی هاتوچۆو... کاریگەریی بەرچاوی دەبێ.

دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد لە حاڵێك دا خەڵك تووشی ئەم قەیرانە تازەیە دەکا، کە هیچ کام لە گیروگرفت و قەیرانەکانی دیکەی ئەو خەڵکە لەمێژساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنن، چارەسەر نەکردوون. ئەوەشمان لەبیرە کە ئەم سەرکۆمارەی ڕێژیم بە بەڵێنی باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانی خەڵك و "هەڵڕشتنی پووڵی نەوت لەسەر سوفرەی خەڵك" بە سەر ڕقبەرەکانی‌دا سەرکەوت. بەڵام وەك ئەحمەدی زەیدئابادی بە جوانی قامکی لەسەر داناوە بانگەشە ئابووری و ئایدۆلۆژی‌یەکانی ئەو سەرکۆمارە، بە هیچ جۆر پێکەوە ناگونجێن. بە ڕواڵەت و بەم جۆرە کە ئەحمەدی نەژاد و ڕێبەرەکەی دەڵێن ئەم جیرەبەندییە بۆ ئەوەیە، میلیارد میلیارد دولارو سامانی خەڵکی ئێران لە هێنانی بێنزین لە دەرەوەی وڵات خەرج نەکەن و ئەم پارەیە بۆ باش کردنی ژیانی خەڵك و وەزعی وڵات لە بوارەکانی دیکەدا یا بە گوتەیەکی دیکە لە پەرەگرتنی ئابووری‌دا بەکاری بێنن. "بەڵام پەرەگرتنی ئابووری پێویستی بە دابینکردنی ئەمنییەت بۆ خاوەنانی کارو سەرمایە لە نێوخۆ، سڕینەوەی گرژی لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا و ڕاکێشانی سەرمایەکانی دەرەوە، کەمکردنەوەی تێچووەکان و پێکهێنانی دەرفەتی بەرابەر بۆ هەموو هاونیشتمانان هەیە".

٣



## خەڵکی شاری سەردەشت یادی ٢٠ ساڵەی شیمیایی بارانی شارەکەیان کردەوە

بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت لە لایەن ڕێژیمی گۆڕ کراوی بەعسەوە، خەڵکی ئەو شارە چەندین بەرنامەو ڕێورەسمیان بەڕێوە برد. ڕۆژی ٦ی پووشپەڕ بە بەشداریی سەدان کەس لە خەڵکی شارو گوندەکانی دەوروبەر، لە بنکەی فەرهەنگی هونەری سەردەشت بە فەرمی کرایەوە. لە بەرنامەکانی دوانیوەڕۆ دا پێشوازی لە وەفدی هەڵەبجەی دەستە خوشکی سەردەشت و دەستەیەك لە دووچەرخە سوارانی شاری مەریوان کرا کە بۆ ئەم یادە هاتبوونە سەردەشت و ڕێزیان لە یادی قوربانییەکانی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ گرت. پێشکێش کردنی سروود لە لایەن کۆمەڵێك لە کچانی سەردەشت، کردنەوەی پێشانگەی وێنەکانی تایبەت بە یادی کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت و وێنەو نیگاری بەرهەمی هونەرمەندانی سەردەشتی، بەشێکی دیکە لە بەرنامەکانی ئەو ڕۆژە بوون.

سەر لەبەیانی ڕۆژی ٧ی پووشپەڕیش لە حاڵێك دا دوکان و بازاری شار داخرابوون، نزیك بە ٤٠٠٠ کەس لە شەقامی سەرەکیی شار کۆ بوونەوە. ئەو خەڵکە لە حاڵێك دا پلاکاردو وێنەی شەهیدانی ئەم کارەساتەیان بەدەستەوە بوو، بە ڕێپێوان بەرەو گۆڕستانی شەهیدان و گۆڕستانی گردەسوور کەوتنە ڕێ. ژمارەی خەڵك ساتبەسات زیاتر دەبوو. تیمی شاخەوانیی سەردەشتیش کە بەم بۆنەیەوە بە گەشتێك لە شار وەدەرکەوتبوون، بە پلاکاردی خۆیانەوە تێکەڵ بە ئاپۆرای خەڵك بوون. بەشدارانی ڕێپێوان چەپکە گوڵیان لەسەر گلکۆی سەدان شەهیدی ئەو کارەساتە دانا. لە سەر مەزاری شەهیدان تا ئێوارە کۆمەڵێك چالاکیی هونەری و ئەدەبی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت، بەڕێوەچوو.

سەرچاوە ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## عەلی کیمیایی دەبێ لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێت

دوای ئەوەی دادگای بەرزی عێراق، دوو حەوتوو لەمەوبەر عەلی حەسەن مەجید، حوسێن تکریتی و سوڵتان هاشم، سێ لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی حکوومەتی پێشووی عێراقی بە تاوانی بەشداری لە کۆمەڵکوژی خەڵکی عێراقدا بە مەرگ مەحکووم کرد، کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوایان لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق کردوە، عەلی کیمیایی وەك بەرپرسی ڕاستەوخۆی بەڕێوە بردنی تاوانی ئەنفال و بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە، لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێت.

ڕۆژنامەی "ئاسۆ" ڕای‌گەیاند بە پێی زانیارییەکی ورد کە پێی گەیشتوە عەلی کیمیایی، سوڵتان هاشم و حوسێن تکریتی لە هەمان گرتووخانە لە سێدارە دەدرێن کە سەدام حوسێنی تێدا لە سێدارە درا.

## لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی سەردەشت کرایەوە

کوردستان و کورد: لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا لە بنکەی دەفتەری سیاسی یادی بیست ساڵەی بۆردومانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە کرایەوە.

ئەم ڕێورەسمە ڕۆژی پێنج شەممە ٧ی پووشپەڕ لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوەچوو، بە سروودی "بە تەنیا جێم مەهێڵە" بە دەنگی هونەرمەند فەرهاد ساڵحی دەستی پێ کرد.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەم ڕێورەسمە دا:

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاك حەسەن ڕەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا. لە برگەکانی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ئەم بابەتانە پێشکەش کران:

پارچە پەخشانێك (مامۆستا بێبەش)، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور)، سروودی "وا دیسان هەرای جەنگە" (فەرهاد ساڵحی)، شێعری شاری شیمیایی بەزێن (ئەحمەد قادری)، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (فەریبا وەیسی)، بیرەوەریی کچێکی سەردەشتی لە بۆردمانی شاری سەردەشت (خوێندنەوەی ئارەزوو مەلایی)، شێعری کوردستانی سوور (ئاسۆ خەبات)، بابەتێك سەبارەت بە لایەنەکانی بۆردمانی شیمیایی سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان (ئەحمەد عەبدوڵڵایی).

شایانی باسە لە ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی‌دا لە جەنگەی شەڕی ئێران عێراق دا فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعس شاری سەردەشتیان بە بۆمبی شیمیایی بۆردمان کردو لە ئاکامی ئەو پەلامارە دژە مرۆییانەدا سەدان کەس کوژران و بە هەزاران کەسیش کەوتنە ژێر کاریگەرییە پڕ مەترسییەکانی ماددە شیمیاییەکان و ساڵانە چەندین کەس لەوان بە هۆی ئەو نەخۆشیانەی لەو مادانەوە تووشی بوون، گیانیان لەدەست دەدەن.

## سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان زیندانی کرا

کوردستان و کورد: بەپێی ڕاگەیەنراوی دەبیرخانەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی پووشپەڕ لەلایەن دەزگای دادوەری ڕێژیمەوە دەسبەسەرو ڕەوانەی بەندیخانە کرا.

هەر بە گوێرەی ئەو ڕاگەیەنراوە ٥ کەس لە هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دەچنە شوێنی کاری کەبوودوەندو دەسبەسەری دەکەن و پاشان دەچنە ماڵی ناوبراو و دەست بەسەر کەلوپەلی شەخسیی ئەو دا دەگرن و دواتر دەینێرن بۆ بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێوین. تا ئێستا هۆکاری دەسبەسەر کرانی سەرۆکی RMMK لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە ڕوون نەکراوەتەوە.

شایانی باسە ساڵی ڕابردوو دادگای شاری سنە سزای ساڵ و نیوێك حەبسی تەعزیری، ٥ ساڵ بێبەش بوون لە کاری ڕۆژنامەوانیی بەسەر کەبوودوەندا سەپاندو هەروەها بڵاوکراوەی "پیام مردم" کە ناوبراو سەرنووسەرەکەی بوو، بە بڕیاری ئەو دادگایە داخرا.




پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتەوە ٢



گۆڕان و نوێبوونەوە لە وتووێژ لەگەڵ کەماڵ کەریمی‌دا ٤



دوای تێپەڕینی ٢٠ ساڵ بەسەر بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت دا ٥



داهاتووی هەڵبژاردن لە تورکیە و ڕۆڵی کوردەکان ٨



دێموکراسی، سەروەریی نەتەوەیی و یاسامەندی ١٠



نامەیەکی دوکتوڕا لەبارەی فیمینیزم لە شێعری کوردیدا ١١

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب

# بە بۆنەی بیستەمینساڵیادی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتەوە

## لە لایەن بەڕێز حەسەنی ڕەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە





بیست ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا واتە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٨٧/٦/٢٨ی زایینی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی ڕووخاوی حیزبی بەعسی عێراق هێرشیان کردە سەر شارە سەرسەوزوخنجیلانەکەی سەردەشت و بەچەکی شیمیایی بۆمبارانیان کرد. لەم هێرشە ناڕەواو جینایەتکارانەیەدا بە سەدان کەس لە ژن و منداڵ و پیرولاو لە خەڵکی ئەم شارە بوونە قوربانی و بە هەزارانیش بریندارو نەقوستان بوون. ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە لە کاتێکدا بوو کە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە واتە چەکی کۆمەڵکوژو شیمیایی تەنانەت لەشەڕی نێوان دوو دەوڵەت و چەند دەوڵەتیشدا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە توندی قەدەغە کراوە، چ دەگا بەوەی کە دژی خەڵکی ئاسایی و مەدەنی بە کار بهێندرێ. بەڵام کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری بێ دیفاعی سەردەشت لەبەر قازانجویستی و بەرژەوەند پەرستیی وڵاتە زلهێزەکان، کە بە هەر دوو لای شەڕەکە چەک و تەقەمەنییان دەفرۆشت، دەنگێکی ئەوتۆی بێزاری و نارەزایەتی دەربرینی لێ نەکەوتەوە و لە جیهان دەنگی نەدایەوە. هەر بۆیە ڕێژیمی تاوانباری عێراق بێ سڵەمینەوە لە بیروڕای گشتیی جیهانی، بێ گوێدان بە قەدەغەبوونی ئەم جۆرە چەکانە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم دیوو ئەو دیوی سنووره دەسکردەکانی کوردستان کەوتە بەکار هێنانی ئەو چەکە کوشەندەیە و لە ماوەیەکی بەرتەسکتردا ناوچەکانی کرماشان و مەریوانیشی گرتەوە.

ڕێژیمی بەعسی عێراق بۆ بەچۆک داهێنانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و بە بیانووی شەڕ لە گەڵ ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی بەر بڵاوو کارا کەوتە بۆمباران و تۆپبارانی شیمیایی شارۆچکە و گوندەکانی باشووری کوردستان، کە لووتکەی ئەم تاوان و جینایەتانە بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجەی لێکەوتەوە، کە بە هەزاران کەس ژن و منداڵ و پیاوی بێ تاوان شەهیدو بە هەزارانیش بریندار بوون. بەڵام مخابن وڵاتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان هەر وەکوو لە پێشەوە ئاماژەی پێ کرا لەبەر بەرژەوەندی بازرگانی، یا بێدەنگەیان لێ کرد یان زۆر بەکزی و لاوازی نارەزایی خۆیان دەربڕی. بەڵام ڕێژیمی کۆنەپەرست و ریاکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دژی ڕێژیمی بەعس لەشەڕ دابوو و کەمتەرخەمییەکی یەکجار زۆری سەبارەت بە بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت نواندبوو، چ لە باری قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی ئەو کارەساتەو چ لە باری زیندوو ڕاگرتنی ئەو جینایەتە بە زۆری وای دەنواند کە لایەنگری خەڵکی لێ قەوماوی هەڵەبجەیە و بەرگرییان لێدەکا.

دیارە ئەمە یەکەم جار نەبوو کە گەلی کورد لە شەڕی نێوان دوو ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان دا زەرەرو زیانی دەدیت و تووشی کارەسات دەبوو، یان بۆ بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران و زل هێزەکان بزووتنەوەکانی کورد دەبوونە قوربانی. لە شەڕی ئیمپراتۆریی عوسمانییەکان لەگەڵ سەفەوییەکانی ئێران دا، قەڵاچۆو ماڵوێرانی، دەربەدەری و بەشخوراوی و پارچە پارچە بوون بەشی کوردان بوو. لە زەمانی دەسەڵاتداریی ڕەزاشای پەهلەوی و کەماڵ ئەتاتورکیشدا سات و سەودا بە بزووتنەوەی کورد کرا لە زەمانی دەسەڵاتداریی حەمەڕەزاشای پەهلەویشدا بازرگانی بە بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان کراو بە شێوەیەکی دیکە سەدامی دیکتاتۆر لەگەڵ ڕێژیمی حەمەڕەزا شا ڕێک کەوت بۆ زەبر لێدان لە بزووتنەوەی هەردوو بەشی کوردستان. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کەگڵۆلەی کەوتە لێژی پشتی لە بزووتنەوەی باشووری کوردستان کردو نەتەنیا بە تەنیای هێشتەوە بەڵکوو زۆر جارو ئێستاشی لەگەڵ بێ کەوتە دژایەتیی ئەو بزووتنەوەیە و تۆپ باران و کاتیۆشا بارانی گوندەکانی سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس و بوونی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانان لە عێراق هەتا ڕادەیەکی زۆر وەزعەکە گۆڕاوە. لە عێراق حکوومەتێکی فیدراڵی دامەزراوە، گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان دەسکەوتی بەرچاوی بە پێی یاسای حکوومەتی فیدراڵی عێراق بەدەست هێناوە و خۆی خاوەنی دەسەڵات و پارلمان و حکوومەت و سەرۆکی هەرێمە. تاوانبارانی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێندێکیان وەك سەدامی دیکتاتۆرو دەورووبەرەکەی بە سزای جینایەتی خۆیان گەیشتوون و لە سێدارە دراون و کۆمەڵێکیش چاوەڕوانی سزادرانن و زۆرێکیش لە جەریانی دادگایی کردن دان. بەو حاڵەش کار بەدەستانی دوو ڕێژیمی دژە کوردی تورکیە و ئێران لە مێژوو دەرس وەرناگرن و چارەنووسی تاوانباران ناکەنە پەندو هەر ڕۆژ بە بیانوویەك هەڕەشە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئازاد دەکەن، سنوورو گوندکانی ئەو هەرێمە تۆپ باران دەکەن و دەبنە هۆی کوشتنی هاو وڵاتیانی کوردو ئاوارەیی و زیانی ماڵی گەیاندن بە خەڵکی ئەو ناوچانە.

ئێمە و لە ڕۆژە ماتەمینەدا کە یادی ٢٠ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی شاری سەردەشتی پێشمەرگە پەروەرو خۆشەویست دەکەینەوە، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی هەموو شەهیدانی ئەو کارەساتەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان و هیواداریین ڕۆژێك دابێ تاوانبارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش، ئەوانەی دەستیان بە خوێنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلان و ئازادیخوازانی ئێران سووره لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی بکرێن و بە سزای تاوان و جینایەتی خۆیان بگەن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی
دێموکراتی کوردستان
٧ی پووشپەڕی ١٣٨٦
٢٠٠٧/٦/٢٨

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### ڕێورەسمی یادی بوردمانی شیمیایی شاری سەردەشت لە بریتانیا



بۆ یەکەم جار کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ناوەندی چاك لە بریتانیا ڕێورەسمێکیان بە بۆنەی بیست ساڵەی بوردمانی شیمیایی شاری سەردەشت پێك هێنا.

بەرنامەکانی ئەو ڕێورەسمە کە ڕێکەوتی ٣٠ی ژوئەن لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن بەڕێوە چوو بە سروودی نەتەوایەتیی کوردستان و ڕاگرتنی بێدەنگی بە نیشانەی ڕێزنان لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. لەو ڕێورەسمەدا چەند پارچە شێعرو پەخشان و پەیامی نوێنەرانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە خوێندرانەوە: پەیامی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و ناوەندی چاك، کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان، پارتی ئازادیی کوردستان، ئەنجومەنی فەرهەنگی مەدەنیی کوردەکانی خوراسان، ئەنجومەنی داکۆکی لە زامدارانی شیمیایی، بەرەی دێموکراتیکی گەلی عەرەبی ئەحواز، بەرەی خەڵکی بەلوچستان.

شایانی باسە لەو ڕێورەسمەدا جگە لە نوێنەرانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی سەرەوە ژمارەیەك لە کوردانی دانیشتووی لەندەن بەشدار بوون، ڕێورەسمەکە بە سروودی "بە تەنیا جێم مەهێڵن" کۆتایی پێ هات.

### ئاڵمان

### بەڕێوە چوونی کۆنفرانسێك لە ژێر ناوی توندو تیژی بە دژی ژنانی




لە ماوەی ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە (٣٠ ژوئەن و ١ی ژوئیە) دا لە نزیك شاری بۆنی ئاڵمان کۆنفرانسێك بۆ تاوتوێ کردنی پرسی توندوتیژی دژی ژنی کورد بەڕێوە چوو.

لەو کۆنفرانسەدا کە لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (بروکسێل) پێك هێنرابوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییەکان و لە نێو ئەوان دا چەند کەسایەتی لە باکووری کوردستانەوە بەشدار بوون. شایانی باسە لەم کۆنفرانسەدا خاتوو سارا محەمەدی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی بێلژیك وێڕای بەشداری لەو کۆنفرانسە دا وتارێکی لە ژێر ناوی "جێگەی ژن لە یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامی ئێران" دا پێشکەش کرد.

### ئۆتریش

### پێکهێنانی سمینارێکی سیاسی بۆ کاك جەعفەر حامیدی

ڕێکەوتی ٣٠ی ژوئەن کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئۆتریش سمینارێکی سیاسیی بۆ بەرێز جەعفەر حامیدی ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزبی

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکی تەبلیغاتی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نەهێنی لە شارەکانی کرماشان و جوانڕۆ

ڕێکەوتی ١٣٨٦/٣/٢٨ لە پارێگەی کرماشان، دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی کرماشان لە گەرەکەکانی حکمەت ئاوا، جەعفەر ئاوا، دەوڵەت ئاوا) و لە شاری جوانڕۆ گەرەکەکانی (هەلانی، شەقامی سەنجاوی، ماڵەکانی دەوروبەری بازاری گشتی).

بە بڵاوکردنەوەی سی‌دی و بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە شێوەیەکی بەرین بڵاوکردۆتەوە.

درێژەی لاپەڕەی ١

## جیرەبەندیی بێنزین ئاگربەردان لە ژیانی خەڵك یا بناغەی ڕێژیم



ئەوە نیە سەرکۆمار و کەسانێك کە جڵەوی ئەوەیان بەدەستە، هەموو شتێکیان کردۆتە قوربانیی ئامانجەکانی خۆیان لە بواری بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکانی ناوچەدا. خەڵك ئەم ڕاستی‌یە دەزانن کە ئەم جیرەبەندییە ئاگربەردانە لە ژیانی ئەوان و، ئەگەر سوودو پاشەکەوتێکیشی تێدا هەبێ، لەو بەرنامەو مەبەستانەی ڕێژیم خەرج دەکرێن کە هیچ قازانجی خەڵکی ئێرانیان تێدا نیە. بۆیە دووکەڵی ئەم سیاسەتە هەر دەچێتەوە چاوی دەسەڵاتداران و ئاگرەکەی، دەبێ بونیادی ئەو ڕێژیمە بسووتێنێ.

### پیرانشار

#### کوژرانی کۆڵبەرێك بە دەستی هێزەکانی ڕژیم

ڕێکەوتی ٨٦/٣/٣٠ کۆمەڵێك کۆڵبەر کە کەرەستەی بەرقی‌یان ڕادەگواست لە کاتی گەڕانەوە بەرەو ئێران لە ڕێگەی شینکێ کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم. لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم دا کوڵبەرێك بە ناوی محەممەد قەسیم کاکە مەم ٢٢ ساڵە خەڵکی ئاوایی کاسە کەران کوژرا.

#### لاوێك کەوتە بەر پەلاماری هێزە ئینتزامییەکان

ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان لاوێکی بیست ساڵەی بۆکانی بە ناوی "سلێمان ئەبروون" لەکاتێکدا خەریکی ڕاگواستنی باری گازۆئیل بوو، لە مەیدانی "عەلی ئاباد" کەوتە بەر هێرشی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامی پەلاماری ئەم هێزانە دا ناوبراو بریندارە دەبێ و ئێستا لە نەخۆشخانە خەوێندراوە.

#### زیندانی بۆ نوسەرێکی کورد بڕایەوە

### سەقز

مەنسوور تەیفوری نوسەرو وەرگێڕی خەڵکی سەقز بە تۆمەتی سنووربەزاندن بە ٦ مانگ زیندانی مەحکووم کرا. دادگای شارستانی مەریوان مەنسوور تەیفوریی بە تۆمەتی سنوور بەزاندن بە ٦ مانگ مەحکوم کرد. ئەو مەحکومییەتە بە شێوەی هەڵپەسێردراو لە ماوەی ٤ ساڵ دا شیاوی جێبەجێ کردنە.

### مەهاباد

#### ڕێژیم بایەخی زیاتر بە ئەمنییەتی خۆی دەدا

ماوەیەکە جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم خەریکی فیلم هەڵگرتن لە چیاو بەرزایی‌یەکانی دەوروبەری شاری مەهابادن. بە پێی هەواڵێکی دیکە ڕێژیم کۆمەڵێك ڕاهێنەرو فێرکاری تایبەتی لە تارانەوە هێناون. زانیارییەکان ئەوە دەگەیەنن کە ڕێژیم خەریکی پێکهێنانی هێزێکی تایبەتی‌یە.

هەر لە مەهابادەوە هەواڵمان پێگەیشتوە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم شانبەشانی پەرەگرتنی گوشاری نێودەوڵەتی، پتر بایەخ بە لایەنی ئەمنییەتی دەسەڵاتەکەیان دەدەن.

## هەواڵێکی ناڕاست بە ئەدەبیاتێکی سواو



لە سایتی (mehabad.info) سایتی نارەسمیی (PDKi) دا هەواڵیکی ناراست بڵاو کراوەتەوە. بە پێی ئەو هەواڵە دەبێ ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، تەلەویزیۆنی "سیمای ئازادی"، هەواڵی دانیشتنێکی نێوان من و "ئاغای موحەددیسین"، نوێنەری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانی بڵاو کردبێتەوە .

لەگەڵ ئەوەی کە لە بناخە دا دیدار و دانیشتن لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە خاریجی‌یەکان، بە مەرجێک کە لە بەرژەوەندیی خەلک و نەتەوەکەمان دابێ، بە تاوان نازانین، بەم هۆیەوە ڕادەگەیەنم کە ئەو هەواڵە ناراستە و هیچ دیدار و دانیشتنێک، نە لە لایەن من و نە لە لایەن هیچ بەرپرسێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران ئەنجام نەدراوە.

سەعید بەگزادە
نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
لە دەرەوەی وڵات

یەکێك لەو قاییم کارییانەی ڕێژیم، کۆنترۆڵی تەلەفۆن، مۆبایل , mms sms، ئینتێرنێت و هاونیشتمانانە کە ئەم کارە بە هاوکاریی وەزارەتی ئیرتیباتات (پێوەندییەکان) ئەنجام دەدا.

### شنۆ

#### کچێك هەوڵی دا بە گوللە خۆی بکوژێ

ڕۆژی یەکشەمە ٣ی پووشپەڕ کچێك بە ناوی "شەرمین ڕۆن" بە مەبەستی خۆکوشتنی بە گوللە لە سەری خۆی‌دا. دەستبەجێ ناوبراویان بۆ نەخۆشخانەکانی ورمێ ڕاگوێزت. ئەو بریندارە تا ئێستا لە حاڵی کۆمادا دەژی و بەداخەوە هیچ هومێدێك بە چاکبوونەوەی نیە.

### مەهاباد

#### جیرەبەندیی بێنزین شوێنەواری نالەباری لە سەر ژیانی خەڵك داناوە

ڕاگەیەنرانی بڕیاری جیرەبەندی کرانی بێنزین لەگەڵ ئەوەی بۆتە هۆی ناڕەزایەتییەکی بەرینی‌جەماوەری لە شارەکانی ئێران کاریگەریی نالەباریشی لەسەر ژیانی خەڵك بەجێ هێشتوە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە شاری مەهابادەوە گەیشتوون، جیرەبەندیی بێنزین بۆتە هۆی گران بوونی کرێی هاتوچۆو کەلك وەرنەگیران لە ماشێنە شەخسییەکان و کەم بوونەوەی ژمارەی ماشێنە کرێکێشەکان و دروست بوونی ئالۆزی لە هاتوچۆی خەڵك دا. جیا لەمەش ئەم بڕیارە شوێنەواری بەرچاویشی لەسەر بازاڕو نرخی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك داناوە.

### تەورێز

#### بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە جیرەبەندی، ئەسب و داشقەیان هێنایە سەر شەقامەکان

دوابەدوای ڕاگەیەنرانی بڕیاری جیرەبەندیی بێنزین لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژادەوە، ناڕەزایەتییەکی بەرین شارەکانی ئێرانی گرتۆتەوە.

لەم پێوەندییەدا لە ڕۆژەکانی سەرەتای ئەم حەوتووەدا ژمارەیەك لە خەڵکی تەورێز بە هێنانی ئەسپ و داشقەو ڕاوەستان لە پشت چرای سوور سەرنجی خەڵکیان بۆ لای ئاکامەکانی جیرەبەندیی بێنزین ڕاکێشاو بەم چەشنە ناڕەزایەتیی خۆیان لەم بڕیارە دژی خەڵکییەی ڕێژیم دەربڕی.

شایانی باسە لە ئاکامی ئەو شەپۆلی ناڕەزایەتییەی دوابەدوای ڕاگەیەنرانی جیرەبەندیی بێنزین شارەکانی ئێرانی گرتەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە پۆمپەکانی بێنزین و دامودەزگا دەوڵەتییەکان کەوتنە بەر پەلاماری خەڵك.



## دەورەی ١٨٠ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێ هات

دەورەی ١٨٠ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فێرگەی سیاسی نیزامی کۆتایی پێ هات. بەم بۆنەیەوە ٧ی پووشپەڕ ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، بەرپرس و پێرسونێلی فێرگە، بەشدارانی دەورە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی کەمپی "زەوی سپی" بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و ڕێژەی بەشدارانی دەورەکە دەستی پێ کرد. لە بڕگەی دووهەمی ڕێوڕەسمەکەدا کە لە سالۆنی کۆبوونەوەکان بەڕێوە چوو کاك عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە دوا. ناوبراو وێڕای پیرۆز بایی کردن لە بەشدارانی دەورەکە بە بۆنەی پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە، ئاماژەی بە بیست ساڵەی کارەساتی شیمیایی باران کرانی شاری سەردەشت لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمەکە. لە بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لە لایەن خاتوو گەلاوێژ حەسەنزادە یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەو پەیامی بەشدارانی دەورە لەلایەن خاتوو شەیدا ویژدانی یەکێك لە بەشدارانی دەورەکە خوێندرانەوە. لە بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کۆمەڵێك سروودو گۆرانی لەلایەن کاك فەرهاد ساڵحی و بەشدارانی دەورەکە پێشکەش کران.

لە دوا بڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا لەلایەن کاك فەتاح کاویان ئەندامی هەیئەتی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزب و کاك ڕامبود لوتفپووری ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی‌یەوە خەڵات بەسەر سەرکەوتووانی دەورەکەدا دابەش کرا. ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ١٨٠ی سەرەتایی پێشمەرگە بە شایی و هەڵپەرکێ کۆتایی پێ هات.

شایانی باسە لەم دەورەیەش دا ژمارەیەك لە ژنان و لاوانی خوازیاری پێشمەرگایەتی بەشدارییان کردبوو.

درێژەی

## تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

دێموکراتی‌کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێك هێنا.

لەو سمینارەدا دەیان کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئۆتریش، نوێنەرانی ژمارەیەك لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بانگهێشت کرابوون.

سمینارەکە بە یادکردنەوەی بیست ساڵەی بوردمانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە دەستی پێ کرد.




تەوەرە سەرەکییەکانی باسە سیاسیەکەی بەڕێز حامیدی بریتی بوون لە: باسێك سەبارەت بە بەرنامەو پێڕەوی نێو خۆی حیزبی دێموکرات، لایەنی کوردستانی و نەتەوەیی خەباتی حیزبی دێموکرات و گرنگیی تۆخ کردنەوەی ئەم لایەنە سەرەکییەی خەبات، هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و پێگەی کورد لە لای ئەو هێزانە، پێویستیی بەشداریی هەرچی زیاتر لە ڕێکخراوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دا.

شایانی باسە بەشی کۆتایی سیمینارەکە بۆ وڵامدانەوەو هێنانە بەرباسی ڕەخنەو پێشنیارو بۆچوونەکانی بەشداران تەرخان کرابوو.

### دیداری نوێنەرانی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا




بە مەبەستی دیدارو چاوپێکەوتن لە گەڵ ژمارەیەك پارلمانتاری بریتانیایی و هێنانە بەرباسی پرسی مافی مرۆڤ و ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان خالید عەزیزی و مەولوود سوارە سەردانی پارلمانی بریتانیای کرد.

بۆ ئەم مەبەستە شاندی حیزب ڕۆژی ٢٧ی ژوئەن چاوی بە بەڕێزان لۆرد کۆربیت و بەڕێز لۆرد ئێڤیبێری ئەندامی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ کەوت و ڕۆژی ٢٨ی ژوئەنیش کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خاتوو ئان کلودو نیکۆڵ پیشە پێك هێنا.

لەم دیدارو کۆبوونەوانەدا کە پەیامنێرانی بەشی تەلەڤیزیۆنی بەلگەو دیکومێنتی پارلمانی بریتانیاش ئامادە بوون پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کارتێکەریی قووڵ بوونەوەی پرسی ناوەکیی ئێران خرانە بەر باس و وتووێژیان لەبارەوە کرا.

### فینلاند

#### فستیڤاڵی "دەنگی کوردستان" بەڕێوە چوو

بە مەبەستی ڕێز گرتن لە بیست و حەوت ساڵەی دامەزرانی "ڕادیۆی دەنگی کوردستان"، ڕۆژی ٢٣ی ژوئەن کۆمیتەی هەرێمی تۆرکۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب لە شاری تۆرکۆفستیڤاڵێکی پێك هێنا.

فستیڤالەکە بە سروودی نەتەوایەتی و پەیامی بەرپرسی کۆمیتەی هەرێمی تۆرکۆ، کاك کەریم ڕەسووڵی دەستی پێ کرد.

بەشەکانی دیکەی فستیڤالەکە بریتی بوون لە:

- سمینارێك لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێستا و داهاتوو" کە لە لایەن کاك جەعفەر حامیدییەوە پێك هێنرا بوو
- کۆمەڵێك بەرنامەی هونەری و کێبەرکێی جۆراوجۆر

شایانی باسی فستیڤالەکە پاش چەند کاتژمێر لە نێو شادی و خۆشحاڵیی بەشداران دا کۆتایی پێ هات.

### نۆروێژ

#### هەیئەتێکی حیزب سەردانی پارلمانی نۆروێژی کرد

بە مەبەستی هێنانە گۆڕی کۆمەڵێك پرس و بابەتی پێوەندیدار بە دۆخی مافی مرۆڤ، زیندانیانی سیاسی، سەرکوتی ڕاپەڕینی خوێندکاران و دۆخی ژنان و ئازادیی ڕادەربڕین و... شاندێکی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی پارلمانی نۆروێژی کرد.

شاندی کۆمیتەی حیزب کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان ئازاد ڕۆستەمی و کوێستان گادانی بۆ ئەو مەبەستە لە کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پارلمانی نۆروێژ لەگەڵ بەڕێز ئاکسێلسێن ئولاڤ چاوپێکەوتنی پێك هێنا.

شایانی باسە ئەو کۆمیتەیە کە لە شەش کەس پێك هاتوە لەلایەن مەجلیسی ئێرانەوە بانگهێشتن کراوە، بۆیە حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکان داوایان کردبوو بەر لە سەفەری نوێنەری ئەو کۆمیتەیە گوێبیستی ڕاو بۆچوونەکانی ئەوان لەسەر ئەو بابەتانە بێ کە لە لای ئەوان گرنگیی زۆری هەیە.

کەماڵ کەریمی:

# هەموومان پێمان وایە حیزب پێویستی بە گۆڕان و نوێبوونەوە هەیە



*به دوای پلینۆمی خاکەلێوەی ئەمساڵی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، کە تێیدا بڕیار درا کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب لە ساڵی ١٣٨٦دا ببەسترێ، کۆمەڵێك هەوڵ و چالاکی لە پێشوازی ئەم کۆنگرەیەدا دەستیان پێکردوە بە پێکهاتنی دوو هەیئەت بۆ نووسینەوەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، پێکهاتنی کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرە، بەڕێوەچوونی کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ هێنانە بەرباسی باسەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەو دەرچوونی یەکەم ژمارەی بووڵتەنی کۆنگرە لەم هەوڵ و چالاکییانەن.*

*نزیك بە ٣ مانگە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبیش، کۆبوونەوەی گشتیی حەوتووانە بۆباس لە سەر پرس و بابەتی پێوەندیدار بە کۆنگرەی ١٤ و پێویستیی گۆڕان و نوێبوونەوە لە نێو حیزب دا بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێ. بۆ تیشك خستنە سەر مەبەست و نیوەڕۆك و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان، "کوردستان" بە پێویستی زانی ئەم وتووێژە لەگەڵ بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك بێنێ:*

■ ماوەیەکە کۆمەڵێك هەوڵ لەپێشوازی کۆنگرەی داهاتووی حیزب دا دەستی پێکردوە. کۆبوونەوە گشتییەکانی حەوتووانە کە هەیئەتێك بەسەرپەرستیی جەنابت بەڕێوەیان دەبا، یەك لەو هەوڵانەیە. دەکرێ مەبەست لەوکۆبوونەوە حەوتووانەیە وتایبەتمەندییەکانیانمان بۆباس بکەی؟

* وەك باستان کرد حیزب بەرەو گرتنی کۆنگرە دەچێ. چەند مانگێکە هەیئەتە جۆراوجۆرەکان لەبواری جیاوازدا دەستیان بەکار کردوە. بۆئەم کۆنگرەیە کە دەبێ کۆنگرەی نوێ بوونەوەو خوگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە لەخەباتی نەتەوەیی دا بێ، پێویستمان بەباس کردن و ئاڵووگۆڕی بیروڕای زیاترە لە نێو هاورێیانی حیزبیمان دا. ئەو کوبوونەوانەی کە ئێوە ئیشارەتان پێکرد، کۆبوونەوەی هەفتانەن کەڕۆژانی یەك شەمە بەڕێوە دەچن. تایبەتمەندیی ئەو کوبوونەوانە لەوە دایە کە کۆبوونەوەیەکی ئازادن بەو مانایە کە هەر هاوڕێیەکی حیزبی بیەوێ لەسەر مەسەلەیەکی تایبەتی لە پیوەندی لەگەڵ کار، دروشم، سیاسەت یا هەرشتێکی دیکە کەپیوەندیی بەژیانی حیزب و مەسەلەی کوردەوە هەبێ باسێك پێشکەش بکا، کوبوونەوەی بۆ پێك دەهێندرێ وبەبێ هیچ سانسۆرێك گوێ بۆقسەکانی دەگیرێ. مەبەست لەوکوبوونەوانە چەند شتن: ١ـ ڕێگەدان بەدەربڕینی ئازادانەی نەزەراتی موخالیف. ٢ ئاشنابوونی ئەندامانی حیزب بەبیروبۆچوونی یەکتر. ٣ کەڵك وەرگرتنی ڕێبەری و هەیئەتەکانی کۆنگرە لەو بۆچوونانەی کە یارمەتیی کۆنگرە دەدەن.

■ تا ئێستا چەندکۆبوونەوەی گشتی بۆباس لە سەرپرسەکانی پیوەندیدار بەگۆڕان و نوێبوونەوە بەڕێوە چوون؟ ئەو بەڕێزانەی باسەکانیان پێشکەش کردوون و نێوەڕۆکی باسەکان چ بوون؟

تا ئێستا توانیومانە ١٠ کوبوونەوە پێك بهێنین کەئەوهاورێ یانەی باسەکانیان پێشکەش کردوە هەرکام لەروانگەی خۆیانەوە مەسەلەی گۆڕان ونوێبوونەوە یا یەکێك لە مەسەلە بەرچاوەکانی کاری حیزبییان تاوتوێ کردوە. لەگەڵ پێداچوونەوە بە رابردوودا. پێشنیاری نوێیان خستوەتە بەرچاو. لەوانە کە ئەگەر ناوەکانیان ئیشارە پێ بکەین، هاوڕێیان سمایل بازیار، رامبودلوتف پووری، کەماڵ کەریمی، کامیل استاداحمدی، سمایل شەرەفی، هێمن سەیدی، کوێستان فتووحی، حوسێنی مەدەنی،ئەحمەد عەزیزی و مستەفامەولوودی کە چەند کەسێکیان ئەندامی ڕێبەرین وئەوانەی دیکە کادری حیزبن. لەبابەتی جۆراوجۆردا هەرکام لەو هاوڕێیانە بەجیا سەبارەت بەرەوتی نوێبوونەوە، دروشمی ستراتیژی، پێوەندییە نێوخۆییەکان، پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکان و ڕۆڵی ژنان و گرینگیدان بە ژنان لە ژیانی سیاسی و حیزبیدا قسەیان کردوەو لەگەڵ هاوڕێیانی بەشدار لە کوبوونەوەکان دا کەوتوونەتە وتووێژ و را گۆڕینەوە.

■ وەك ئاماژەتان پێ کرد لەم کۆبوونەوانەدا پێویستیی نوێبوونەوەو گۆران لە بوارە جۆربەجۆرەکان دا دەکەوێتە بەرباس. دەکرێ تێگەیشتنی خۆتمان لە چۆنیەتیی پێشوازیی ڕێبەری و بەدەنەی حیزب لە نوێبوونەوە و گۆران بۆباس بکەی؟

پێکهێنانی گۆران بە مەبەستی نوێبوونەوە زەروورەتێکی سروشتیی ژیانی ئینسانە. ئێمە ئەگەر لە رابردوودا مەسەلەی نوێبوونەوەمان بەو شێوەیەی ئێستا بۆ مەترەح نەبووە، لەبەر ئەوە نەبووە کە زەروورەتەکەی هەست پێنەکرابێ. بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە بەدەرکی واقعییەتەکانی ئەم سەردەمەو هەست کردنی دروست بە زەمینەی ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەرمان، پێویستیی گۆڕان تا ئاستی خۆگونجاندنێکی مەنتیقی و ئوسوولی لەگەڵ پێویستی یەکانی ئەم قوناغە لەخەباتی نەتەوایەتی و نوێ کرنەوەی حیزب لەبوارەجۆراوجۆرەکانی فیکری - سیاسی و تەشکیلاتی و.....بەمەبەستی شوێندانانی بەجێ و بەوەخت لەسەر گۆڕانکارییەکان بۆتە فکرێك لە نێو ڕێبەری و ئەندامانی حیزب دا. بەڵام ئەو راستییەش بڵێم کە رەنگبێ تێگەیشتنی جیاواز هەبێ لەسەر شێوەی گۆڕان و نوێبوونەوە. چ لە ئاستی ڕێبەری و چ لە ئاستی بەدەنەدا هاوڕێی وامان هەیە بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو هەنگاوانەی بۆ نوێ کردنەوەی حیزب دەنرێن. هەر وەك بیرکردنەوەی ئیفراتییش هەیە کە پێی وایە نوێبوونەوە یانی هەڵتەکاندنی حیزب و داڕشتنەوەی. بەبڕوای من هەر دووك ئەو بۆچوونانە هەم ئەوانەی کە پێیان وایە بە پەلەین و هەم ئەوانەی پێیان وایە زۆر شل دەڕۆین هەڵەن. مادام ئێمە هەموو پێمان وایە حیزب پێویستیی بە گۆڕان و نوێبوونەوە هەیە، دەبێ هەوڵ بدەین مەسەلەکانمان زیاتر لە گەڵ یەکتر مەترەح بکەین. نابێ هیچ کەس بە تەنیا لە حیزبیك دا پێی وابێ نوێبوونەوە ئەوەیە کە ئەو بیری لێدەکاتەوە و ئەگەر ئەوە نەبێ هیچ نەکراوە و هیچ کەسێکیش نابێ کۆسپ بخاتە سەر ڕێی ئەو هاورێیانەی کە دەیانەوێ بە ئازادی رای خۆیان دەربڕن. بە هەرحاڵ من ئۆمێدم زۆرە کە بتوانین لە دوای هەموو باسەکانمان بە ئاکامێکی باش بگەین و بتوانین حیزبەکەمان بە شێوازیکی نوێ دارێژینەوە و یارمەتی بە بەرەو پێش چوونی بزووتنەوەی کوردی بدەین.

■ هۆی چیە هەواڵ و راپۆرتی ئەم کۆبوونەوانە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە راگەیەنەکانی حیزبدا بڵاو نەکراونەوە؟ بەرنامەتان چیە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب کەڵك لەو باسانە وەر بگرن؟

هەرچەند تا ئێستا هاورێیانی رادیۆ هەواڵ و راپۆرتیان لە سەر هەر کام لەم کۆبوونەوانە لە ڕێگەی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە بڵاو کردوەتەوە و بەم جۆرە بە شێك لە خەڵکی کوردستان ئاگاداری چۆنیەتیی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە بوون. بەڵام رەخنەیەکی بەجێیە کە بۆ بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو نەکراوەتەوەو ئەو جۆرە کە پێویستە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب ئاگاداری شێوەی باسەکان نەبوون. دیارە ناکرێ ئەم کۆبوونەوانە لە هەموو کەمپەکانی حیزب بەڕێوە بچن. چون هەم کاتی دەوێ هەم ئیمکاناتی خۆی پێویستە، بەڵام پێویستە لانی کەم ئەم باسانە بگوازینەوە بۆ نێۆ هەموو ئەندامانی حیزب و دووراودوور لە نەزەراتی ئەوانیش کەڵك وەربگرین. بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵ دەدەین بەم زووانە لانیکەم پوختەیەك لەو باسانە کە کەم و زۆر لە باری گرینگیی باسە کان دا جیاوازییان هەیە بگەیەنینە دەست دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزب.

■ ئازادیی بیروڕا دەربڕین و بەشداریی گوێگران لەباسەکان دا لە چ ئاستێك دایە؟ ئایا سنوورێك بۆ رەخنەگرتن لەحیزب هەیە؟

ئێوە دەزانن یەکێك لەو گیروگرفتانەی بەتایبەت دوای کۆنگرەی ١٣ بۆ ئەندامانی حیزب هاتە پێش گوێ نەکرتن بۆ بیر و بۆچوونی جیاواز بوو. ئێمە هەوڵمان داوە لەو کۆبوونەوانەدا جگە لە پاراستنی سنووری ئەخلاقی، هیچ بەربەستێك و سانسۆرێك لە بەردەم وتار بێژدا نەهێڵین. ئەوەی دەیەوێ وتە یان بەرنامەیەکی نوێ لە حیزبەکەیدا بخاتە بەر باس، بە پێداچوونەوە بە رابردووی حیزبدا دەست پێ دەکاو رەخنە لە حیزب دەگرێ. هەرچەند لەوانەیە هەموو ئەو رەخنە گرتنانە لە جێی خۆیدا نەبێ و هێندیك لە سنوورەکانیش ببەزێندرین. بەڵام ئەو هاوڕێیانەی کە بە شداریی کۆبوونەوەکان دەکەن و بە تایبەتی ڕێبەریی حیزب، بە دڵ ئاوەڵاییەوە گوێ لە قسەکان دەگرن و بە پرسیارو دیالۆگ لە سەر بابەتەکان هەوڵی ئەوە دەدرێ تێگەیشتن و تەفاهومێکی ئوسوولی لە نێو هەمووان دا پێك بێ.

*بەداخەوە کە نەکراوە هەموو ئەندامانی حیزب یا تەنانەت هەموو کادرو پێشمەرگەکان لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بن. بەڵام ئێمە بەپێی ئەو ئیمکاناتەی کە لە بەر دەستمان دایە بۆ هەموو کۆبوونەوەیەك نیزیك بە ١٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزبمان دەعوەت کردوە کە لە هەموو کۆبوونەوەکان دا چالاکانە بەشداریان کردوە و هەوڵیان داوە لە ڕێگەی قسەکردن لە سەر ئەو بابەتەی کە لەوێ پێشکەش دەکرێ، باسەکان دەوڵەمەندتر بکەن.

■ سوپاس بۆ روونکردنەوەکانت. ئەگەر روونکردنەوەی دیکەت لەپێوەندی لەگەڵ ئەو کۆبوونەوانەدا هەیە یا پێشنیارێکت بۆباشتر بەرێوەچوونی هەوڵەکانی پێوەندیدار بەکۆنگرەی داهاتووی حیزب هەیە فەرموو.

سپاس بۆ زەحمەتی بەرێوەبەرانی رۆژنامەی کوردستان کە بۆ ئاگادار کردنەوەی خوێنەرانیان لە سەر ئەو کۆبوونەوانە بە خەمەوە بوون. هیوادارم ئێوەش بتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ بڵاو کردنەوەی بەشێك لە بابەتەکانی ئەو کۆبوونەوانە. بە بڕوای من ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەیەکی جیدی و گرینگ دەبێ بۆ ساغ بوونەوەیەکی فیکری و سیاسی لە ئاست پێویستییەکانی ئەم قۆناغە تایبەتییە لە بزووتنەوەی نەتەوەکەماندا. بۆیە داوا دەکەم هەموو ئەو کەسانەی بە دڵسۆزییەوە دەڕواننە داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەکەمان ئەوندەی لە دەستیان دێ هاوکاری و یارمەتیمان بکەن بۆ سەر خستنی هەرچی باشتری ئەم پرۆسەیە.



# " ئێران پێشرەوی ئیعدامی مێرمنداڵانە لە دنیادا"

سەردار رەحیمی لە ئینگلیسییەوە کردوویە بە فارسی، سۆران شێرزاد کردوویە بە کوردی

ئیعدامەکانی ئەو دواییانە نێوەڕۆکی سەرەڕۆیانەی دەزگای قەزایی ئێرانی زەق کردۆتەوە. (نیۆیورك ٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٦) ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ رایگەیاند: ئێران دەبێ بە پەلە کەڵك وەرگرتن لە سزای مردن بۆ ئەو تاوانانەی مێرمنداڵانی ژێر ١٨ ساڵ ئەنجامی دەدەن هەڵپەسێرێ.

تا ئێستا دەرکەوتوە کە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٤وە ١٧ منداڵی سەرپێچیکاری ئیعدام کردوە کە ئەو ژمارەیە هەشت هێندەی ئیعدامی منداڵان لە هەر وڵاتێکی دیکەیە. بەرپرسانی پایەبەرزی دەزگای قەزایی ئێران بەردەوام ئەو حوکمانەیان کە بۆ کوشتنی منداڵانی سەرپێچیکار دەرچوون پشتڕاست کردۆتەوە. لە حاڵێکدا ژمارەیەك لەو مەحکوومانە تەمەنیان کەمتر لە ١٥ ساڵ بووە. ئەو حوکمانە ، پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، کە ئیعدامی تاوانبارانی ژێر ١٨ ساڵ یاساخ دەکەن و ئێرانیش دەبێ پابەندیان بێ لە ژێر پێ دەنێن. هێندێك جار ئەو حوکمانە تەنانەت بە پێچەوانەی یاسای نێوخۆیی ئێرانە کە بە پێی ئەو یاسایانە دادگایی تاوانبارانی ژێر ١٨ ساڵ دەبێ لە دادگای تایبەت بە منداڵاندا بەڕێوەبچێ.

"کلاریسا بن کامۆ لێکۆڵیاری مافی منداڵان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ دەڵێ: ئێران پلەی یەکەمی پێوانەی بەدناویی لە ئیعدامی منداڵان لە دنیادا پاراستوەو بەرپرسان دەبێ بەزوویی کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

ناوبراو هەروەها گوتی: پێویستە حکوومەتی ئێران ئیعدامی منداڵان ڕاگرێ و بە پەسند کردنی یاساو ڕێسایەکی نێوخۆیی خواستە نێونەتەوەییەکان بە جۆرێك بەڕێوەبەرێ کە سزای مەرگی منداڵان تێیدا یاساخ کرابێ. ئێران ئەمساڵ دوو منداڵی تاوانباری ئیعدام کردوە. سەید رەزا موسەویی شیرازی ٢٠ ساڵە لە ٧ی بانەمەڕی ١٣٨٦دا لە زیندانی عادل ئابادی شیراز بە تاوانی کوشتن ئیعدام کراوە. سەید رەزا ١٦ ساڵان بووە کە تووشی ئەو تاوانە بووە.

بەرپرسان تەنانەت بنەماڵەکەیان لە ڕۆژی ئیعدام کردنی ناوبراو ئاگادار نەکردۆتەوە. بنەماڵەکەی بەر لە ئیعدامی نەیانتوانی چاویان پێی بکەوێ و تەنیا دوای ئیعدامی ئاگادار کراونەتەوە. ئەو بەڵگانەی لە دەست ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ دان، نیشانی دەدەن کە هەم دادگای سەرەتایی و هەمیش دیوانی بەرزی وڵات ئاگاداری ئەوە بوون ناوبراو نەدەبا لە دادگای گەورە ساڵان دا موحاکمە بکرێ. دیوانی بەرزی وڵات داوای موسەویی سەبارەت بە دادگایی کرانەوە لە دادگای تایبەتی منداڵان رەت کردەوەو بەڵگاندنەکانی دادگای بەرایی قبووڵ کردوە کە ئەو دادگایە گەورە ساڵانەیە لە جیاتی دادگای منداڵان حوکمی داوە.

ئەو دادگایە پشتیوانیی خوی بۆ ئیعدامی موسەوی بە پشتبەستن بە دان پێدانانەکانی تاوانبار لە هەموو قۆناخەکانی دادپرسیدا دەربڕیوە. دادگا هیچ کەم و کورتییەکی لە رەوتی دادپرسی دا بەدی نەکردوە لە حاڵێکدا ئەشکەنجەو خراپیی هەڵسو کەوت لە زیندانەکانی ئێراندا برەویان هەیە. مەیلی دادگا سەبارەت بە ئیعدامی منداڵان لەسەر بنەمای دانپێدانانەکانیان زۆر کارەساتبارە.

هەروەها بەرپرسانی ئێرانی سەعید قەنبەری زەهیی ١٧ ساڵەیان لە ٦ جۆزەردانی ١٣٨٦دا لە زاهیدان ئیعدام کردوە.

بە پێی راپۆرتی چاپەمەنییەکان، گیران، دان پێدانان، موحاکمە، حوکم دان و ئیعدام لە ماوەی چەند حەوتوودا بەڕێوە چووە. ئەو رەوتە دەبێتە هۆی گومانی جیددی سەبارەت بەوە کە چۆن مێرمنداڵێکی ١٧ ساڵە دەتوانێ داکۆکییەکی کاریگەری هەبێ و ئەوە کە ئایا پێوانەکانی دادپرسی لەبەر چاو گیراون یان نا؟

بەرپرسانی ئێرانی زۆر جار رایانگەیاندوە لە حاڵی لێکۆڵینەوە دان تا پێویستییە یاساییەکان کۆتایی هێنان بە ئیعدامی مێرمنداڵانی تاوانبار ئامادە بکەن.

بەرپرسانی پایەبەرزی دەزگای قەزایی زۆرجار دووپاتیان کردۆتەوە لە ئێران دا لاوان ئیعدام ناکرێن. سەرۆکی دادگای تاران "عەلی رەزا ئابادی ٩ی مانگی رەزبەری ١٣٨٥ بە رۆژنامەنووسانی گوت: ئێستا سیاسەتمان وایە کە حوکمی ئیعدامی تاوانبارانی ژێر ١٨ساڵ بەرێوە نەبەین و ماوەیەکی بەرچاویشە بەرێوە نەچووە.

بەرپرسانی ئێرانی ئاماژە بەوە دەکەن کە چوارچێوەیەکی یاسایی نوێ بۆ دادگایی منداڵان ئامادە دەکەن کە لە هاوینی پارەکەوە لە مەجلیسدا چاوەڕوانی تاوتۆی کردنەو دەڵێن کە ئەو گەڵاڵە پێشنیارییە کۆتایی بە ئیعدامی منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ دێنێ. بەڵام لە راستیدا شیمانە دەکرێ ئەو یاسایە تەنیا پێشنیاری سووك کردنی سزاکان بکا، ئەویش لەو حاڵەتانەدا کە دادوەر هەست بەوە بکا کە تاوانبار لە بواری زەینییەوە کامڵ نەبووە. ماددەی ٣٣ی یاسای

بۆ لاپەڕی ٨

# دوای تێپەڕینی ٢٠ ساڵ بەسەر بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت دا، ئێستاش ڕێژەی قوربانیانی ئەو کارەساتە دیار نیە

نووسینی حەمەرەسوڵ کەریمی

هەموو ساڵێك خەڵکی شاری سەردەشت بۆ کارەساتی جەرگبڕی حەوتی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی دێنە سەر شەقامو کۆڵانەکانی شارو، بە چەند چالاکییەکی هونەریو ئەدەبی یادی شەهیدانو قوربانیانی ئەم کارەساتە دەکەنەوە. ئەم ساڵ بیستەمین ساڵی ئەم تراژیدییە گەورەیەیەو خەڵك دیسان دەیانەوێ ڕێز لە خۆشەویستانی لە دەستچوویان بگرنو وەك ساڵانی پێشوو و بگرە هێندێك باشتریش یاد کردنەوەی ساڵانەی خۆیان بەڕێوە بەرن.

کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆی ڕۆژی حەوتی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی چوار شوێنی پڕ حەشیمەت لە شاری سەردەشت کەوتنە بەر هێرشی فرۆکەکانی عێراقیو بە بۆمبو گازی خەردەل بە خەستی بۆردومان کران. دیارە هاوکات لەگەڵ بۆردومانی شاری سەردەشت گوندی "ڕەشەهەرمێ"و دەشتی کەپران"یش کەوتبوونە بەر ئەو پەلامارە. لەو کارەساتە سامناکەدا زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە دانیشتووانی "سەردەشت"، ئەو شارە کوێستانییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهیدو بریندار بوون. ئێستا دوای ٢٠ساڵ بە سەر ئەو تراژیدیایەدا هیچ کەس ئاوڕی لە خەڵکی شاری سەردەشت نەداوەتەوەو تەنانەت ڕۆژی حەوتی پووشپەڕ کە ڕۆژی بوردومانی شاری سەردەشتە لە ڕۆژژمێرەکانی ئێرانی دا بە هەشتی پووشپەڕ نووسراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکێك لە ڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەك بگرێتەوە. دیارە هەتا ئەمڕۆش ناوی تەواوی شەهیدو بریندارەکانی ئەو کارەساتە تۆمار نەکراوەو هیچ ڕێزو حورمەتێك لە کەسوکاری بەجێماوی ئەو قوربانییانە نەگیراوەو ناگیرێ. هەر بۆیە خەڵکی شاری سەردەشت لە هەموو کاتێك زیاتر هەست بە بێکەسیو لێنەپرسینەوە دەکەنو هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئازاری زۆر بەم بێ موبالاتییەوە بکێشن.

ئەگەر ئاوڕێك لە ٢٠ساڵ لەمەوبەری شاری سەردەشت بدەینەوە، ئەو کات دانیشتوانی سەردەشت نزیك بە ٢٥هەزار کەس بوو. ماوەی ٨ ساڵ بوو لە نێوان دوو دیکتاتۆری بە خوێن تینووی کوردان "ئێرانو عێراق"دا شەر هەڵگیرسابوو. پێش ئەو کارەساتە چەندین جار لە لایەن عێراقەوە ناوچەی پڕ سەوزەڵانی سەردەشت بۆمباران کرا بوو و هەر جارەی چەندین کەسی لێ ببوونە قوربانی، بەڵام پەلاماری ڕۆژی حەوتی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی وەك هێرشی جارەکانی دیکە نەبوو کە تەنیا بە دانی چەند قوربانییەك ئەو ڕۆژە بە فەرامۆشی بسپێردرێو یا چەند ڕۆژ دواتر دانیشتووانی شارو ئەم دەڤەرە، دەست بکەنەوە بە کاری ئاساییو ڕۆژانەی خۆیان، بەڵکوو ئەو پەلامارە دڕندانەیە ئەوەندە قورسو بە ژان بوو کە ئێستاش دوای ٢٠ ساڵ بە سەر ئەو کۆمەڵکوژییەدا، زامدارانی ئەو کارەساتە بە ئێشو ئازارەوە دەتلێنەوەو هەموو ساڵێك چەندین کەس بەرەو مەنزڵگەی ئاخرەت کۆچ دەکەنو لە تەنیشت قوربانییەکانی دیکە لە گۆرستانی گردەسوور مەنزڵ دەگرن.

ڕۆژی حەوتی پووشپەڕ کە شاری سەردەشت بوردومان کرا، تەنیا چەند کەسێك نەبوونە قوربانی. بەڵکوو شارێك خنکێندراو شارێك ژەهر خواردوو کرا. بەداخەوە لەبەر ئەوە شاری سەردەشت تەنیا یەك ڕێگای هاتووچۆی ماشێنی هەبوو بۆ چوونە دەر لە شار، خەڵك زیاتر تووشی گیرۆدە بوون بە سەمو گازی خەردەل بوون. لە نێوان شارەکانی مەهابادو بانەو پیرانشار دا، ئەویش کەوت بوو، بەر یەکێك لە بۆمبەکانو ئەو شەقامە سەرەکییەش ژەهراوی ببوو. بۆیە ئەو کەسانەی لە ماڵەکانی خۆیان دا بوونو بە ساخی ڕزگاریان ببوو و دەیانویست لە شار بچنە دەرو خۆ لەو نەهامەتییە ڕزگار بکەن، لە کاتی دەرچوونیان بەم ڕێگەیەداو لە کاتی هەناسە کێشان دا، تووشیان بە تووشی گازی خەردەلەوە دەبووو پاش چەند کاتژمێرێك دەچوونە ریزی زامدارەکانی دیکەی شارەوە هەر بۆیە جیا لەو کەسانەی کە لە یەکەم چرکەکانی ئەو پەلامارەدا شەهیدو بریندار ببوون، کەسانی دیکەش هەبوون کە لە کاتی دەرباز بوون دا بۆنو هەوای ژەهرایی شەقامو کۆڵانەکانی دیکەی شاریان هەڵمژیبووو زامدار ببوون.

دانیشتووانی شاری سەردەشت زانیاریی تەواویان لە سەر ئەو بۆردومانە نەبوو،و پێیان وابوو کە بۆمبەکان تەنیا بۆمبی ئاسایین نەك بۆمبی شیمیایی. هەر بۆیە زۆربەی خەڵك بۆ ئەوە کە قوربانییەکان لە ژێر دارو پەردووی ڕووخاوو خانووە تەپیوەکان بێننەوە دەر، چووبوونەگەڕەکە بوردومانکراوەکانو یارمەتیی کەسو کاری قوربانییەکانو زامدارەکانیان دەداو، ئەوەش یەکێك لە هۆکارەکانی زیاتر بوونی قوربانییەکان بوو. دوای زیاتر لە ٤٠خولەکێك پاش تەقینەوەکان خەڵك بەرەبەرە هەستیان کرد کە دەموچاویان ئاوی لێدێو لەشیان تووشی خورانو ئەستوور بوونو بلۆق دەرکردن بووەو لە کاتی هەناسە کێشان دا تووشی ڕشانەوەو تەنگە نەفەسی بوون. ئەو کات زانیان کە بۆمبەکان بۆمبی ئاسایی نینو هاوارو ناڵەی خەڵك زیاتر بوو. دارەکانو بەر پەنجەرەکانی ماڵانو ئاوەکانی نزیك تەقینەوەکان تۆزی سپیی ژەهراویان لە سەر نیشتبوو. سەرچاوەی گەورەی شاریش چەند میترێك لە شوێنی بوردومانەکان دوور بوو هەر ئەم ئاوەش بوو کە دەچوو بۆ حەمامی شارو حەوزی مزگەوتەکانو شێرەی ئاوی تەواوی ماڵەکانی شار. خەڵك بۆ ئەوەی تووشی نەهامەتیو زامداریی زیاتر نەبن بۆ خۆ پاراستن لە مردن کەڵکیان لەم ئاوانە بۆ خۆشتنەوە وەرگرتو لە ئاکام دا بەشێك لە خەڵکیش هەر بە ئاوی سەرچاوەی شارو ئاوی حەمامەکانی شار تووشی زامداری پێستیو دەروونی بوون. جیا لەم حاڵاتانەش لە بەر نەبوونی نەخۆشخانەیەکی باش لەم شارەو نەبوونی دوکتوری پسپۆرو کەوتنەوە سەریەکی قوربانییەکان لە تەنیشت یەكو درێژ بوونیان لە داڵانو ژوورە کەمەکانی نەخۆشخانەدا زیاتر تووشی گیرۆدە بەو گازە بوون. دیارە زۆربەی زۆری بنەماڵەی قوربانییەکان بۆخۆیان بریندادەکانی خۆیان بەرەو نەخۆشخانەکانی شارەکانی دیکەی کوردستانو ئێران رادەگوێزت. هەروەها شاهیدانی ئەو کارەساتە گێراویانەتەوە کە دوو ڕۆژ دوای بوردومانەکە هۆڵی وەرزشیی شار واتە "هۆڵی پاڵەوان تەختی" کراوەتە شوێنی حاواندنەوەی بەشێك لە قوربانییەکانو چەندین تەختیان لە هۆڵەکە بۆ بریندارەکان داناوەو لەو هۆڵەدا تەنیا یەك دوکتور هەبووە لەگەڵ چەند کەس لە پەرستارانی لە خۆبردووی شار، کە تەنیا ئەرکیان دەرزی لێدانو بلۆق دڕین بووەو بەشی هەرە زۆری زامدارەکانیان بۆ نەخۆشخانەی شارەکانی مەهاباد، ورمێ، تەورێز، تاران، شیراز بەڕێ کردوە.

بەداخەوە لەبەر ئەوە ئەو کات هیچ کەسو یا هیچ ئورگانێکی حکوومەتی نەبووە کە ناوی قوربانییەکان یا بەڕێ کراوەکانو شەهیدەکان لە کاتی خۆیدا ناونووس بکات، ئێستاش ڕێژەی تەواوی ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی دیار نیە. زۆر جار دوای ئەو کارەساتە زامدارانی ئەو ڕووداوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی تەنگەنەفەسیو بێ ئیشتیایی لە خواردن داو زۆر نەخۆشیی دیکە کە دوای گیرۆدە بوونیان بە گازی خەردەل تووشی هاتوون پەیوەندییان بە بنکەی بە نێو "جانبازان"وە گرتوە بۆ ئەوەی کە لەلایەن بەرپرسانەوە کارێکیان بۆ بکرێ بەڵام لەبەر ئەوە هیچ بەڵگەیەکی تایبەتیان لە بەر دەست دانیەو لە کاتی خۆشیدا ناویان تۆمار نەکراوە ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو لەئاکام دا لەبەر بێدەرەتانیو هەژاری لە جێگادا کەوتوونو یا بە ئازارەوە سەریان ناوەتەوە.

تاقە بەڵگەیەکی کە بۆ بە کارهاتن دێتو بەشێك لە زامدارانی ئەو کارەساتە کەڵکی لێوەردەگرن، بەڵگە یان پێناسەیەکە کە لە لایەن بنکەی "جانبازان"وە دراوە بە هێندێك لەو زامدارانە. دیارە ئەو بەڵگەیە ڕێژەی تووشبوون بە گازی خەردەڵی بە شێوەی ٪(دەرسەد)دیاری کردوەو هەر بە پێی ئەو ڕێژەیەش لە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان کەڵك وەردەگرن، بەڵام ئەو کەسانەی کە ناویان تۆمار نەکراوەو ئەو پێناسەیان پێ نیە لە خزمەتگوزارییەکان بێبەشنو خەرجو کرینی داو دەرمان لە ئەستۆی خۆیان یان بنەماڵەکەیانە کە وابوو قوربانییەکان دوو دەستەن: دەستەیەکیان ئەو کەسانەن کە بەڵگەو پێناسەیان پێ نیەو دەستەیەکیش ئەو کەسانەن کە بەڵگەی ڕەسمیو تایبەتیان وەرگرتوە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی دروستی قوربانییەکان دیار نەبێو بەشێك هەر بە مەزلوومیو بێناو بمێننەوە. لەوەش خراپتر دەست نەکەوتنی داو دەرمانی تایبەتی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی سیپەلاكو هەناسەکێشانو کۆمەڵێك نەخۆشیی دیکە کە لەو بوردومانەدا بۆ خەڵکی هەژارو دەست تەنگی ناوچەکە بوو بە دیاردەیەکی ماڵ وێرانکەرو بۆتە کێشەو گرفتێکی گەورە. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەناوی زامدارانی کارەساتی شیمیابارانی سەردەشتەوە ساڵانە چەندین تۆن داو دەرمانی تایبەتی لە ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان وەردەگرێو لەلای خۆی ڕایدەگرێ یا دەیدا بە شوێنی دیکە، بۆ شوێن بزر کردن، ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو دەرمانە دەنێرێتە شاری سەردەشتو ئەو بڕە دەرمانەش نادەن بە هەموو کەسو ئەگەریش دایان ئەوە پێیان دەفرۆشن. ئەگەر چاوێك بە نووسراوەکانی بەڕێز عوسمان موزەییەن بەرپرسی ئەنجومەنی زامدارانی شیمیاییدا بخشێنی بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە ناوبراو کردوویەتیو لە زمان دوو بەرپرسی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بیستوویەتی، بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی شەهیدو زامدارەکانی ئەم پەلامارە زیاتر لە ٨٠٠٠ کەسە.

ڕێژەی شەهیدو بریندارەکانی ئەو کارەساتە لە زمان ئایەتوڵلا ڕەفسەنجانییەوە کە لە نوێژی هەینی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢دا باسی کردبووکە ٨٠٢٤ کەسنو پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٦و ١٣٦٧دا لە وتارێکی خۆیدا ئاماژەی بە شەهیدو بریندار بوونی ١٠٠٠٠ کەس لە دانیشتووانی شاری سەردەشت دەکات. هەروەها وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر ئەو کاتە لیستەیەکی ٤٦٠٠کەسیی لە بریندارانو شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشتی دابوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر بە پێی ئەو بەڵگانەش کە وەزارەتی کارو باری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دابوونی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قوربانییەکان خەڵکی مەدەنیو ئاسایی بوونو پادگانو بنەکە سەربازییەکانی حکوومەت نەکەوتبوونە بەر ئەو پەلامارەو زەرەرو زیان بە بنکەو بارەگاکانیان نەکەوتبووو داویان لە خێرخوازان دەکرد کە بێن یارمەتی بە خەڵکی زامدارو بێپەنای ئەم دەڤەرە بکەن، بەڵام ئێستا بۆخۆیان هیچ ئاورێك لەم شارە بەگاز خنکێندراوە نادەنەوە بەتەواویو دوای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بە فەرامۆشیان سپاردوە. دیارە ئەگەر هەر ئەو کات بە پرۆشەوە سەیری ئەو کارەساتەیان کردبایە ڕەنگ بێ ئێمە شاهیدی بوردومانی شاری هەڵەبجە نەبایەینو ئەو تراژیدیا گەورەیە لە هەڵەبجەی باشووری کوردستان نەقەومابایە. ئەو گازەی کە بۆ بوردومانی شاری سەردەشت کەڵکی لێوەرگیرا گازی خەردەل بوو ئەو گازە لە کاتی بڵاو بوونەوەیدا کارێکی زۆر خراپی لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەران هەیەو بە تێپەڕینی زەمانیش ئەو کاریگەرییە خراپەی لەسەر گیرۆدەبووەکان هەر دەمێنێت. دیارە بەپێی لێکۆڵینەوەی پزیشکی، گازی خەردەل بۆ ژینگەش مەترسیی زۆری هەیە دوای تێپەڕینی ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو بوردومانەش دا ئێستا لەناوچەی سەردەشت چەند شوێن کە کەوتبوونە بەر تەوژمی ئەو گازە تا ئێستاش بە کەڵکی کاری کشتو کاڵ نایەت. لەو کاتە دایە کە زەوییەکانی دەوروپشتی ئەو کێڵگانەی کە کەوتبوونە بەر گازی خەردەل ساڵانە باشترین بەرهەمی کشتو کاڵیی ناوچە دابین دەکەن.

لێنەپرسینەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران لە زامدارانی شیمیایی سەردەشت نەبۆتە هۆی نائۆمێدیی بەشێك لە دڵسۆزانی شاری سەردەشت بەڵکوو چەند کەسێکی دڵسۆزو لەخۆبردوو لە چەند ساڵی دوای بوردومانو لە ساڵرۆژی بوردومانەکەدا دەهاتنە شوێنی ڕووداوەکەو دوایەش بە ڕێپێوان دەچوونە سەر مەزاری شەهیدەکان بۆ چەند ساتێك بەبێ ئەوە هەست بە کەمی بکەن لەگەڵ ئازیزانی لە دەست چوویان ڕازو نیازیان دەکرد هاواری مەزلوومیەتی ئەوانو خەڵکی شاریان دەگەیاندە گوێی کاربەدەستانی شارەکە. چەندین ساڵ خەڵکی شارکە هەروا بۆخۆیان ئەو یادوارەیان پێك دەهێنا تا وای لێهات کە بەشێك لە خەڵكو بنەماڵەی قوربانییەکانی شار هاتنە سەر ئەو باوەرە کە دەبێ ڕێکخراوێکی تایبەت بە شیمیابارانی سەردەشت دروست بکەن. هەر بۆ ئەو مەبەستەو دوای وەدوا کەوتنێکی زۆر توانیان لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاویدا ئیجازە بۆ ئەو کارە لە کاربەدەستانی حکوومەت وەربگرن. ئێستا لە ساڵی ١٣٨٠وە ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت دامەزراوە. ئەو ئەنجومەنە بە ئیمکاناتێکی کەم کارەکانی پێوەندیدار بە زامدرانی شیمیایی سەردەشت رادەپەڕێنێو لەو کاتەی دروست بوونییەوە بەردەوام بۆ باشتر کردنی باری ژیانی زامداران هەوڵ دەدەن. بەشێك لە کارەکانیان تەرخان کردوون بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە تا ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە بەپێی شاهیدو بەڵگە، وەرەقەی ڕەسمییان بۆ وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن لە

بۆ لاپەڕەی ٩



**بەداخەوە لەبەر ئەوە ئەو کات هیچ کەس و یا هیچ ئورگانێکی حکوومەتی نەبووە کە ناوی قوربانییەکان یا بەڕێ کراوەکان و شەهیدەکان لە کاتی خۆیدا ناونووس بکات، ئێستاش ڕێژەی تەواوی ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی دیار نیە**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە: ٤٦٥ (١٢ی پووشپەڕی ١٣٨٦)
adabstan24@yahoo.com

# سێ کۆپلە لە چاوەڕوانیەکانم

رەسووڵ سوڵتانی

شێعرەکانم جگەر گۆشەمن،
تۆش دایکیانی*

١

ڕۆیشتوویی و
ئێستاش کۆڵانەکانی شار
مەستی دەنگی ترپەی پێتن
بگەڕێوە
نەک هەر ئەمن
شێعرو چیرۆکو پەخشانیش
خولیای تۆن و
لە بەر دەرگای دلۆڤانی چاوەڕێتن

٢

هۆ فریشتە
ئێستەش بزەو روخساری تۆ
لەبەر چاوم
جوانترین تابلۆی سروشتە
بۆیە پاش ئەم کۆچە سوورەش
پەنجەرەی چاوی چاوەڕێم
بە هۆمێدی گەرانەوەت
هەر وا لەسەر گازی پشتە
بگەرێوە
چاوەڕوانیم
پەنجەرێکی ئاوەڵایە
کلیلی پێوەدانەکەی
تەنیا لەدەست مەرگ دایە

٣

قژی ئاڵۆزکاوی سەفەر دادەهێنی و
تێر نەمدیوی
لەو کاتەوە تۆم ناسیوە
دڵنیابە تا هاتنەوەت
ملوانکەی چاوەڕوانیم
بە بەژنی ڕێ و
بە گەردنی پەنجەرەوە هەڵواسیوە.

شێعرەکانم کە جگەرگۆشی منن،
دەربەدەرن.
نالی



# گەیشتن (١)

کەماڵ ئافەرین

یا من دەستەکانم کورتن
یا تۆ گەورەی...
بەرزی...
دەستی پەیژەم بە تۆ ناگات
بنیشەوە، بێ کەم هێنان
بەیەکتر... هەر... گیز... ناگەین

# خەونی سپی(٢)

چاوەرێم
لەگەڵ خۆت بێی
نایەی
بەڵام بە خەیاڵ
لەسەر خەونەکانم
سپی دەمێنیەوە



# کورتیلە چیرۆک

نووووسینی: هاوژین سلیوە



## سەیارە

لە کاتی لێخورین چاوێك لەسەر میلی بانزینەکەو چاوێکیش بۆ لێخورین و وردبوونەوە لە میلیۆنەها تاسە، ئەقلیش بۆتە دوو هەزار بەش، بەشێك بۆ غاز، بەشێك بۆ نەوت، بەشێك بۆ نەبوونی، بەشێك بۆ گرانی بەشێك بۆ ژن بەشێك بۆ منداڵ، بەشێك بۆ...هتد، ئەقڵێکی جەنجاڵ و ژانەسەرێکی هەمیشەیی.

## گەڵا

گەڵایەکی سەوز سوێندی خواردبوو دەبێ هەر خەزان بیوەرێنێ دەنا لق و چڵ چۆل نەکا، کەچی هەر بە سەوزی خۆی و گروپێکی وەکوو خۆی چون لکان بەقەدی درك!؟



# فێ

ناسر: دەڵێم
دیاکۆ: ئا...
ناسر: دەڵێم، ئەو کوڕە فێی لێ دێ
دیاکۆ: حاح! دەی منیش فێم لێ دێ.
ناسر: مەیکە فشە، دەزانی فێ چیە؟
د: نا
ن: فێ، فێ. بە فارسی پێی دەڵێن (تشنج) نەت بیستووە دەڵێن کابرا سەرو دڵی لەگەڵە
د: دەی باشە چیە؟ چۆنە؟
ن: چاولێکە، دەبینی کابرا بۆ یەك چرکەو شتێك زیاتر رەنگە، خوێن بە مێشکی نەگات.
د: دەی؟
ن: دەی، نای ١٢ی. دەی کاکە بەلا دادێ و دەلەرزێ و دەمی کەف دەکاو لاقی لێك بڵاودەبێتەوەو دوایەش بێ هۆش دەبێ.
د: دەی باشە دەبێ چی لێ بکەی؟
ن: دەبێ لاقی بەرز کەیەوە تا خوێن بە مێشکی بگا
پاشان بە شێوەیەك شەویلکەی بگری تا زمانی خۆی نەگەزێ.
هەروا بیگری تا خەوی لێ دەکەوێ.
د: ئەدی باشە، ئەوە چۆن بۆ سەربازی دەبێ؟ شتی وایان بۆ ڕاگرتوە؟
ن: چوزانم! بچۆ لە سەرهەنگو تیمسار بپرسە.
د: باشە قەت لە کن تۆ وای لێهاتووە.
ن: ئائا. دەکەڕەتیش
د: دەی چت کردوە.
ن: بەهاواریەوە چووم
د: نەترسای
ن: هەئا، شتی وام زۆر دیوە.
د: باشە، یەکەم جار ئەو کوڕەت لە کوێ دی وای لێ بێ.
ن: یەکەم جار لە حەساری گورهان تۆپێنمان دەکرد کە وای لێ هات.
ئاخرین جاریش دوێنێ شەو، لە تەختی سەرمنەوە دەخەوێ کەوای لێ هات لەو سەرەوە کەوتە خوار، نیە سەری وەعەرزەکە کەوتو شکا هەستا حاوو بە دەوری ئاسایشگادا دەخولاوە، ماڵەکەتە بەکەس نەدەگیراوە.
د: تەح!!!
ن: دیاکۆ، دیاکۆ، هەها ئەو کوڕە لە دەرکی دیژبانیە، هەها وای لێ هات. چاوت لێیە.
د: دەباشە هەڵێ وەفریای بکەوە
ن: خۆ من نازانم چ بکەم، ناوێرم
د: ئەی مەگەر نەت گوت دەزانم
ن: درۆم کرد، یان نا تۆ درۆ دەکەی من کەی کوتم دەزانم؟
د: ئەی هاوار ئەو کوڕە فێی لێ هات، بە هاواری بگەن.
ن: (سر گروهبان، جناب، یکی بیاد یە کاری بکنە.)
د: دالاچۆ با خۆم بچم، لاچۆ ماڵەکەتە.

ناسر رەسووڵی
ئەم چیرۆکە پێشکەش دەکەم بە هاوڕێی خۆشەویستم ((دیاکۆ ستوودە خەڵکی شارەجوانەکەی چوار چرا)) لە یەڵی سەرئاو، کەوا بێ وچان زەحمەت دەکێشێ و ماندوونەناسە.

# ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






## ئەبوو کانیەرەشی

**کچە شیرینەکەم!**

... پێیان بڵێ منیش باوکم هەبوو کە زۆری خۆش دەویستم، منی بە هیوای ئاکامی ژیانی خۆی دادەناو ناوی ترووسکەی لەسەر دانابووم تا لە نێو تروسکە تروسکی ئەستێرەکاندا، لە نێو برووسکەی هەوری بەهاریداو لە نێو تیشکی هەتاودا بەدیم بکا. باوکم منی زۆر خۆش دەویست. پێی خۆش نەبوو کە من بێ باوکو بێ ئەنوابم. ئەو بە باشی دەیزانی کە مرۆڤ هەتا دوایین کاتەکانی ژیانی پێویستی بە خۆشەویستی هەیەو روحی تینوی خۆشەویستی‌یە. بەڵام بیری روون و هەستی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی، هەست کردن بە چەوسانەوەو ژێر دەستی و سوور بوون لە سەر رزگار کردنی فەرهەنگو کلتووری گەلەکەی لە فەوتان، هەروەها ئاواتی وەدیهاتنی مافە ئینسانیەکانو.. ئەویان خستە سەر رێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات. هەر لەم رێگایەشدا، پاش چەشتنی تاڵی و سوێریەکی زۆر بە مەبەستی وەدیهاتنی ئاواتی گەل، سەری نایەوەو هەوڵدان بۆ ئاواتەکەی و درێژەدانی رێگاکەی بە هاوبیرەکانی سپارد. بۆیە سەری نایەوە تا منداڵانی کورد لە دوا رۆژدا چی دیکە گوڵی هێوایان بە بای خەزانی پاییزو بە گڕو بڵێسەی شەوپەرستان هەڵ نەپروکێ و بۆ لەدەستچوونی باوکیان دۆش دانەمێنن.

١٣٦٩/٢/٢٥

به شێك لە نووسینێکی شەهید بە ناوی ((بۆ تروووسکەی کچم))
لاوان، ژمارە ٤٣، خەزەڵوەری ١٣٧٠

چ زوو ١٦ ساڵ رابرد! دەڵێی دوێنێ بەیانی بوو کە کاك محەممەد هات لە سەر سفرەی نانی بەیانی لێمان وەژوور کەوتو کاتێك لێم پرسی بەم بەیانی‌یە زووە خێرە شوکر؟ گوتی وەڵڵاهی خەبەرێکی ناخۆشم پێ یە. دڵم داخورپاو لە چەند چرکە دا کۆمەڵێك لە خۆشەویستانم هێنا بەر چاو کە بۆ کاری حیزبی‌و خەباتکارانە چووبوونەوە ئەودیو. ئەمجارە دەبێ کامیان بە گوللەی دوژمنانی نەتەوەکەمان شەهید بووبێ؟ بە خۆم نەوەستام گوتم چ قەوماوە، زووبە پێمان بڵێ! گوتی بەداخەوە کاك ئەبوو کانیەرەشی‌و جەلیل رەحیمیان لە حوسێن مامە گەمارۆ دراون‌و تا دوا گوللە شەڕیان کردوەو دواتر شەهید بوون.

هەر ئەم بەیانی‌یەش بە نیازین هەواڵەکەی بە بنەماڵەکەی رابگەیەنین.

ئەو کات کە ئەم هەواڵەم بیست ژمارە ٤٢ی ((لاوان)) لە ژێر چاپ دابوو. بەم هۆیەوە کە ئەبوو کانیەرەشی‌و جەلیل لە هاوکارانی نزیکی ئەم گۆڤارە بوون، هەر بەیانی‌یەکەی هەواڵی شەهید بوونیانم بۆ ((لاوان) ئامادە کرد. نەم دەزانی خەبەرەکە چۆن بە کاك هەیاس بڵێم، چونکە ئەویش هەڤاڵو هاوڕێی دێرینی شەهید ئەبووبەکر بوو، لە منیش لێی نزیکتر بوو. راوەستام تا لە ژووری زەبتی بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان ڕا گەڕایەوە دیوی دەستەی نووسەرانی ((کوردستان)). هەواڵەکەم دایە دەستی. ماوەیەك تاساو دڵی پڕ بوو لە کوڵو چاوی پڕ بوو لە ئاو.

ئەبوو خزری (کانیە رەشی) وابزانم ساڵی ١٣٤٣ لە ئاوایی کانیەرەشی بۆکان لە دایك ببوو، تا قۆناغی ئامادەیی دەرسی خوێندبوو. خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ بۆکانەوە دەست پێ کرد. دواتر بوو بە راوێژکارو پاشان ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتی، بۆ ماوەیەکیش بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان بوو. لە بەهاری ١٣٦٦ەوە وەك کادرو ئەندامی کومیتەی شارستانی بۆکان لە نێو حیزبی دێموکرات دا، درێژەی بە تێکۆشان دا. کاك ئەبوو نمونەی شۆڕشگێرێکی بە بیرو باوەڕو ئاگاو خەڵك خۆشەویست بوو. لە هەمووبارەوە تێکۆشەرێکی پاك، خۆراگرو دەروەست (متعهد) بوو.

ئەگەر لە مەیدانی کردەوەدا کەسێکی بەورە، فیداکارو کۆڵنەدەر بوو، لە بواری فێر بوون‌و فێرکردن‌و بیاڤی هونەرو نووسینیش دا سیمایەکی دیاری نێو حیزبەکەی بوو. بۆ لاوان‌و پێشمەرگە دێموکراتەکانی هاوکارو هاوسەنگەری لە باری سیاسی، فکری‌و هەڵسوکەوتەوە مامۆستا بووو لە دەورەکانی فێرکردنیش دا دەرسی دەگرتە ئەستۆو دەیگوتەوە. لە زۆر شانۆدا وەك شانۆگەرێکی سەرکەوتوو، رۆڵی دەگرتە ئەستۆو کاری نووسین‌و دەرهێنانی کۆمەڵێك شانۆ نامەو شانۆگەریی کردو لە گەڵ گۆڤاری ((لاوان)) لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان دا، هاوکاریی هەبوو. ئەم نووسینانەی خوارەوەی لە گۆڤاری ((لاوان)) دا بە یادگار لێ بەجێ ماون:

ـ یادێك لە شەهید ئازاد (رەحمان خوسرەوی) (ژمارە ٢٩)، هەستێکی بێ خەوش (ژمارە ٣٥)، چەپکێك لە خەرمانێك (ژمارە ٣٦)، بەشمەینەتان بە لێشاون (ژمارە ٤١)، بۆ تروووسکەی کچم (ژمارە ٤٣). ئەوەندەی من بزانم لە ژمارەکانی پێشتریش دا بابەتی هەن.

رۆژی ١٢ پووشپەڕی ئەمساڵ، ١٦ ساڵ بەسەر مەرگی ئەبوو کانیەرەشی دا تێ دەپەڕێ. لەم ستوونە بچووکەدا هەر ئەوەندە دەگونجێ بەرێزەوە یادی ئەم لاوە شۆڕشگێرو بە تواناو بە بەهرەیە بکەمەوەو چەپکە گوڵی وەفا لە سەر گڵکۆ نادیارەکەی دابنێم. بەڵام یادی ژیان‌و خەبات‌و کەسایەتی‌و بەرهەمەکانی ئەم شەهیدە بەنرخە، کتێبێك هەڵدەگرێ. هەر لێرەشەوە بە تروووسکەی یادگاری ئەو شەهیدە دەڵێم: شانازی بۆ خۆت کە کچی شۆڕشگێرێکی هەڵکەوتەی لە خۆبردووو دووربین‌و یادگاری شەهیدێکی ئاوا بەنرخی.

## د. عوسمان دەشتی:

# تەنیا شێوەزاری موکریانی پاك‌و بێگەردی‌و رەسەنایەتی پاراستوە

ئامادە کردنی: هێژا مەنگوڕ

**دوکتۆر عوسمان دەشتی خەڵکی شاری هەولێر، پێش نەورۆزی ئەمساڵ نامەی دوکتورای لەسەر شێعری ناوچەی موکریان (نیوان جەنگی جیهانیی یەکەم ودووهەم) وەرگرتوە. ناوبراو نامەی ماجستێرەکەشی لە سەر شێعر و ژیانی ماموستای گەورەی کورد (هێمن موکریانی ) نووسیوە. بە پێویستمان زانی لە گەڵ بەرێزیان لە سەر ئەو بابەتە بو خوێنەرانی " رۆژنامەی کوردستان" بدوێین.**



**سەرەتا سپاسی بەرێزتان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتە، مامۆستا چۆن بو ئەو بابەتەت بۆ باسەکەت هەڵبژارد؟**

سپاسی ئێوەش دەکەم. ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی ، قۆناغێکی چارەنووس ساز بوو لەگشت بوارەکاندا بۆ گەلی کورد. کۆمەڵێك گۆڕانکاری و هەژاندنی سیاسی روی داوە لە سەر ئاستی جیهان دا، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا جوولانەوەیەکی مەزنی رووناکبیری و ئەدەبییشی لەگەڵ خۆی هێناوە.لەو سەردەمە دا رۆشنبیران و ئەدیبانی کورد لە شارە گەورەکانی وەك سلێمانی و ئەستەمبول و مهاباد ، وەخۆ کەوتن و رەوتێکی تازەیان بە ئەدەبی کوردی دا، لە ژێر کاریگەریی گۆرانکارییەکانی ناوچەکە دا. بەشێك لەو گۆڕانکارییانە خۆی لە نویَ بوونەوەی ئەدەبی دا دۆزیەوە. نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی هاوکات بۆ لەگەڵ هاتنە ئاراوەی ژانرە ئەدەبیە نوێیەکان وەك: کورتە چیرۆك ، چیرۆکی درێژ ، پەخشان، پەخشانی کۆمێدی  کە ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی لەو سەردەم دا دەردەچوون لە سلێمانی و بەغدا و شوێنەکانی تر بە زمانی کوردی ، کاریگەری گرینگیان هەبوو لە پەرەپێدان و ناساندنی ژانرە ئەدەبیە نوێیەکاندا.ئەو ماوە هەستیار و مێژوییە کاریگەری لە سەر شێعری ناوچەی موکریانیش دانا وێڕای ناوچەکانی تری کوردستان.ئەو گۆڕانکاریانە هاتنە ناو فەرهەنگ و کۆمەڵگە و لە نێو ناخی گەل دا چەقەرەی کرد. پێش ئەو سەردەمە ئەدەب لە ئاسمان دەخولایەوە ، ئەدەب پێشتر دوور بوو لە واقعی کۆمەڵایەتی ، ئەدەب تایبەت بوو بە توێژێکی تایبەت وەکوو: شاعیران و نووسەران و ئەدیبان ، ئەدەب بە زمانی خەڵك نەدەدوا و زیاتر خەیالآت بوو، ئەدەب لە سەر زەوی نەبوو... بەلآم دوای ئەوگۆڕانکاریانەی ئەو قۆناغە ئەدەب دەستەمۆ بوو و  هاتە خزمەت کۆمەڵگا و کەوتە باس کردن لەکێشە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان. گۆڕانەکان هەم لە شێوەدا هەم لە ناوەرۆك دا رووی دا. بۆیە من ئەو ماوەیەم هەڵبژارد بۆ توێژینەوە ، لە ناوچەی موکریان و باس لە چەند شاعیرێك وەك (مارف کۆکەیی، سەیفو لقوزات،مستەفا شەوقی) کە رۆڵی رێبەری ئەو دەست پێشخەریەیان هەبوو لەو نوێبونەوەیە دا.

**گرینگیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە؟**

گرینگیی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە ،فرە سامانیی بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەت شێعری ناوچەی موکریان و خۆشەویستی من بەنیسبەت شێعری ئەو ناوچەیە منی هان دا کە ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەم. هەروەها پێشتریش کە نامەی ماجستێرەکەم لە سەر ژیان و شێعری ماموستا هێمن بووە، خولیای شێعری ئەو ناوچەیە بوومە کە بە ئەدەبیاتێکی پاراو و رەسەنی کوردی بەرهەمی ئەدەبی هاتۆتە نووسین. ئەوکات کە لەگەڵ ماموستای سەرپەرشتیاری باسەکەم رێك کەوتین دیسان باسەکەم لە سەر شێعری ناوچەی موکریان بیَ.بەلآم ئەمجارەیان هی قۆناغێکی جیاواز ، ئەمجار هی ئەو قۆناغە کە ناومان نا قۆناغی بووژانەوەو  نوێبوونەوە لە ئەدەبی کوردیی ناوچەی موکریان.تا ئێستاش لەو بارەوە لێکۆڵینەوە نەکراوە. بەلآم لە کوردستانی باشوور لە سەر شێعری نویَ و هی ئەو سەردەم وەك: شێخ نووری شێخ سالح و گۆران لێکۆڵینەوە کراوە .

**دەکریَ زیاتر لە سەر ئەزموونی شێعری ناوچەی موکریان بدوێی؟**

ئێمە لەو باسە دا باسی ئەزموونی شێعری ناوچەی موکریانمان کردوە. ئەو ئەزمونە لە وەفاییەوە دەستی پێکردوەو تا ئێستا درێژەی هەیە.ئەو نوێبوونەوانەمان دابەشی سیَ دەستە کردوە: دەستەی یەکەم لە وەفاییەوە تا نوێبوونەوە. دەستەی دووهەم ئەو دەستەی کە نوێبوونەوەی شێعریان کرد و دەستەی گوێزانەوە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی ترە کە لێکۆڵینەوەکەی من لەو دەستەیە دایە. دەستەی سێهەم ، دوای جەنگی دووهەمی جیهانییە.

**باسی نویَ بوونەوەی شێعریت کرد دەکریَ زیاتر بۆمان بدوییَ لەمبارەوە؟**

وتمان کە ئەدەب لە سەرەتا دا یانی لە قۆناغی کلاسیکی دا لەخزمەت کۆمەڵگە و خەڵك دا نەبوو. بەلآم بەونوێبونەوەیە شێعر وئەدەب هاتە خزمەت خەڵك و بوو بە چەکێکی کۆمەڵایەتی. نوێکردنەوە لە زمان و شێواز و ناوەرۆك دا پێك هات کە گرینگترینیان، ناوەرۆك بوو کە بۆ یەکەم جار مەسەلەی نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی و سیاسی هاتە نێو شێعر وئەدەب لەو قۆناغە دا. ناوەرۆك بوو بە سەنگەری دەربڕینی کێشە و مەسەلەکۆمەڵایەتی و سیاسییە نەتەوەییەکان بە زمانێکی پاراو و سادە کە بە دڵی خەڵکی ئەو سەردەم بوو. ئەو شاعیرانەی کە ئێمەش لێکۆڵینەوەمان لە سەر شێعرەکانیان کردوە ئەو تایبەتمەندیانەیان بە بەرهەمە کانیانەوە دیارە.

**گرینگیی هەڵبژاردنی شێوەزاری موکریانی بۆ توێژینەوەکەت لەچی دایە؟**

دیالێکتی کرمانجیی خواروو لە چوار شێوە زاری سەرەکی پێك دێت ( موکریانی ، بابانی، ئەردەلانی، سۆرانی).هەر چواریان زۆر لێك نزیکن و کێشەی لێك تێگەیشتن و رێزمانیی زۆر کەمیان هەیە. لەو چوار شێوەزارەش دا شێوەزاری موکریانی ، شێوەزارێکی پاك و رەسەن و پاراوە. بەرهەمی ئەدەبیی زۆری پیَ نووسراوە و سامانێکی ئەدەبیی دەوڵەمەندی هەیە . کەڵە شاعیرانی گەورە وەك: وەفایی و حەریق‌و  سەیف لقوزات و سەید مارفی کۆکەیی و مستەفا شەوقی‌و هەژار و هێمن و خاڵەمین و حەقیقی.....زۆر لەو شاعیرانە لەگەڵ ئەوەش دا کە لە باشووری کوردستان بوونە وەك: (هێمن و هەژار و قزلْجی ) هەر بەم شێوە زارە شێعر و بەرهەمیان هەبووە.

**ئایا شێوەزاری موکریانی دەتوانیَ شێوەزاری ئیستانداردی ئەدەبی کوردی بیَ؟**

دەنگی ئەوە هەبووە لەکۆڕی زانیاری کورد کە لە بەر ئەو  هۆکارانەش بیَ شێوەزاری موکریانی ببێتە زاری ئیستانداردی ئەدەبی  کوردی. ئە شێوە زارە کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە لە چاو شێوەزارەکانی تر ، بۆ نموونە: شێوەزاری بابانی گۆڕانی زۆری بەسەر هاتوە. ئەوەی ئێستا لە سلێمانی ئاخاوتنی پیَ دەکریَ شێوەزاری بابانی نیە. لەلایەکی ترەوە  تەنانەت (نالی و سالم و کوردی) وەك شاعیرانی بابان ناسراون، کە سەیری دیوان و بەرهەمەکانیان بکەی دەبینی رێك شێوەزاری موکریانییە و جیاوازیی نیە. شێوەزارەکانی تریش گۆڕانیان بە سەردا هاتوە. شێوەزاری سۆرانی کەحاجی قادر شێعری پیَ وتوە، وەك خۆی نەماوە ، ئەردەلانی وەك خۆی نەماوە، تەنیا شێوەزاری موکریانیە کە پاکی و بێگەردی و رەسەنایەتی خۆی پاراستوە .

**دوکتۆر لە داهاتودا پرۆژەی ترت لە بەر دەستەکە زیاتر لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەی؟**

ئەدەبی کوردیی ناوچەی موکریان لە گشت ژانرە ئەدەبیەکان دا دەوڵەمەندە ، بەیت ، حەیران، گۆرانیی میللی، قسەی نەستەق، پەندی پێشینیان و فۆلکلۆر و....جگە لەوە سامانێکی ئەدەبیی مەزن‌و ئەزموونە شێعرییەکەی بواری ئەوە دەدات کە لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر لە سەر ئەدەبی ئەو ناوچەیە بکرێت. خۆدی بەرهەمە ئەدەبیەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانیش لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی دەوێت و هەر وەها پاش روخانی کۆماریش چەندین شاعیری باش باش سەریان هەڵدا کە پێویستیان بە توێژینەوەیە. بە گشتی ئەدەبی کوردی لێکۆڵینەوەی کەمی لەسەر کراوە ودەبیَ زیاتر بایخی پیَبدرێت لەمەو بەدوا و دەبیَ کار بۆ توێژینەوەی زیاتر بکرێت .

**ئایا سەرچاوەی پێویست بۆ توێژینەوەی زیاتر لەو بوارەدا لە بەر دەست دایە؟**

بەڵیَ  سەرچاوەی زۆر و باش هەن، جێی دڵخۆشییە کە ئێستا بنکەیەکی رۆشنبیری لە کۆی ١١٤ ژمارەی رۆژنامەی کوردستان هی سەردەمی کۆماری کوردستان ٩٣ ژمارەی  دۆزیوەتەوە لەماڵێك لە بەغدا ،ئەوە هەوڵدەدا، لە چاپیان بدات و بلآویان بکاتەوەو بەم شێوەیە دەرگایەکی تر بۆ توێژەران دەکرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی  زیاتر لە سەر شێعر و پەخشانی ئەو سەردەم. رەنگە زۆر بەرهەمی هێمن و هەژار و قزلْجی کە نەمان بینیون تا ئێستا لەویَ دا بلآو کرابنەوە. وە هەروەها لەسەر شێوەی نووسینی رۆژنامە و بەرهەمی ئەدەبیی ئەو سەردەم و ئەو شێوە نوێیەی کە ئێستا چیرۆك و داستان و رۆمانی پیَدەنووسریَ لە رۆژهەلآتی کوردستان بۆ توێژینەوەی ورد و زانستی دەبن. بەو هیوایەی کە توێژینەوە ونامەی ماجستێر و دوکتۆرای زیاتر لە زانکۆکان و شوێنە ئاکادمیەکان لە گشت بوارەکانی ئەدەب بکرێت کە پێویستی بنەڕەتیی کتێبخانەی هەژاری کوردییە.

**لە گەڵ ئەوەش دا کە زمانی کوردی قەت نەخوێندراوە بەلآم هۆکارەکانی پاراو بوونی زمانی ئەدەبی رۆژهەلآتی کوردستان و موکریان بە تایبەتی چیە؟**

ئەو سنوورە دەستکردانەی ئێستا ئەو سەردەم نەبوونە بەم شێوەیە. شاعیران بەردەوام سەردانی ئەم دیو ئەو دیویان کردوە لەمابەینی سلێمانی‌و سنەو سابلاخ لە بەرهەمی ئەدەبی و نووسینەکانی یەکتر ئاگادار بوونە. هەروەها زمانی کوردی ئەگەر چی بە رەسمی نەخوێندراوە بەلآم لە تەکیە و خانەقا وحوجرەی مزگەوتەکان و هەروەها لە نێو حیزبە تێکۆشەرەکان بەردەوام خوێندراوە و کاری دڵسۆزانەی بۆ کراوە.سەردەمی کۆماری کوردستانیش کاریگەریی زۆری هەبووە لەو بوارەدا کە ئەو سەردەم زمانی کوردی خوێندراوە و چاپخانە هەبووە و بەرهەمی ئەدەبیی کوردی چاپ کراون.دیسان بەرهەمی شاعیرانی مەزنیش بیَ کاریگەر نەبوونە لە پاراو مانەوەی شێوەزاری ئەو ناوچەیەدا.

**زمان‌و ئەدەبی کوردی لە رۆژهەلآتی کوردستان  تا چەند کاربۆ گەشەکردنی دەکریَ؟**

کورد بەردەوام وەك چەکێکی گەورە و کاریگەر کەڵکی لە زمانەکەی وەرگرتوە بۆ مان و نەتوانەوە.لە سەردەمی رەزاشای گەورەدا،ئەگەرچی تەنانەت جلی کوردییش قاچاغ بوو بەلآم زمانی کوردی نەوەستا و بەردەوام بوو لە بەرهەمدانە دەرەوە. پاشانیش دوای شۆرشی گەلانی ئێرانیش، دەرکردنی گۆڤارەکان( سروە) وچاپ کردنی دیوانی (حەمدی و مەحوی‌و  نالی ...) تامەزرۆیانی ئەدەبی کوردی لەو پارچە لە کوردستان هان دەدا کە فێری زمانی کوردی بن بە هەر شێوەیەك بیَ. دوای شۆرشی گەلآنی ئێران ئەگەرچی مافی سیاسی زەوت کرا ، بەلآم ئەدەبی کوردی تا رادەیەك بوژایەوە بەهەوڵ‌و هیمەتی  دڵسۆزانی زمانی کوردی. ئێستا لە زانکۆکانی تاران و شارەکانی تری ئێران بەهیمەتی خوێندکارانی کورد زمان، رۆژنامە وگۆڤاری کوردی دەردەچێت.لە زۆر لە شارەکان کلاسی ئەهلی بۆ فێر بوونی زمانی کوردی کراوەتەوە، ئەوانە گشتیان دڵخۆشکەرن. هەروەها نووسەران و رووناکبیرانی رۆژهەلآت ئێستا رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە رۆژنامەنووسی باشووری کوردستان کە جێی رێزو دەستخۆشییە.

**لە کۆتایی دا دووبارە سپاست دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە، ئەگەر دەکریَ لەچەند دێرێك دا جوانیەکانی سروشت و شێعری موکریان وەسف بکەی؟**

من لەوەتا ٣٠ ساڵ لەمەوبەر کە موکریانم دیتوە ئەوینداری ئەو ناوچەیە بوومە. هەم لە بواری  سروشت و جوانی ،هەم لە بواری سروشت و هەڵسوکەوتی خەڵکەکەی.موکریان لە سابلاخ دەست پیَ دەکات لە هەولێر کۆتایی دێت بۆیە لە موکریان تەنیا باسی سابلاخ دەکەم چون سەرتۆپی ئەو ناوچەیەیە. هەولێر شاری خۆمە، سابلآخیشم بارتەقای هەولێر خۆش دەویَ . پاشان هەست و سۆزی شێعری ماموستا هێمن , وەفایی و ...سەرنجی منی راکیشاوە. موکریان کانیاوێکی ئەدەبی کوردیە تا لێی بخۆیەوە تێر نابی.




# ماڵ ئاوا زڕباب "پدر خوانده"

نووسینی: ناسر رەسوڵی

### "لە سێهەمین ساڵوەگەڕی مەرگی" مارلۆن بڕاندۆ"
### گەورەترین ئوستورەی بازیگەری‌دا (٤ی جولای ٢٠٠٧)

رەیلێکی کورت. بڕانکاردێکی ساردو کوورەیەکی گەرمی مردوو سوتاندن. تۆ ئارام‌و بیَ گیان بەرەو کوورە دەچیە پێش. توانات نیە بڵێی ئەم رۆڵە کایە ناکەم.

دەرکەی کوورە پێوە دەدریَ. تەق......چ دەنگێکی ترس هێنەر. تەق .....چ دەنگێکی دڵتەزێن. ئەوە ئاخرین پلان لە ئاخرین سێکانسی ژیانی تۆیە. قرچە قرچی سوتانی گیانت وەك دەنگی ئەو رەگبارانە دەچیَ کە لە فیلمی زاپاتا دا پێوەیان نای، بەلآم تۆ ئەلان زاپاتا نی تۆ تازە تێری مالۆی نی کە بە ماتۆڕەکەت نێو شار بشێوێنی، تۆ دۆنگۆرلیۆنە- (پدر خوانده)نی کە ئەمر بکەی تەنانەت دوکەڵی سیگارە بەرگەکەشی نی. تۆ ئەستەنلی کواڵسکی نی کە پەتەی رەقیبەکانت بخەیە سەر ئاو بەڵکو ئەوڕۆکە دەستت روو دەبیَ. تۆ تەنانەت مارلۆن بڕاندۆش نی! تەنیا تەرمی رۆحێکی عاسی‌و سەرگەردانی کە تا چەند چرکەیەکی دی دەبی بە خەڵووز. بڕاندۆ! خۆت وات ویست. لەسەر داوای خۆت دەت سوتێنن‌و خۆڵەمێشەکەت بە دورگەی هاواییدا بلآو دەکەنەوە. "پدر خوانده"! تۆ دەڕۆی بەلآم داوات لیَدەکەم گەر بە (مقصد) گەیشتی سلآوی من بە هەموو ئەو کەسانەی کە ئێستا وەك تۆ تەنیا رۆحێکن بگەیەنە بە جیمزدین کە هێشتاش هەر منداڵە شۆڕشیەکەیە. بە ئالفرێد هیچکاك خودای ترساندن. بە جان وەینی کابۆی کە پێم وایە لەوێش هەر کەلانتەر بیَ. بە چاپلێن کە ... بە کلارك گەیبل هەمیشە جێنتێلمەن‌و .... بە رۆحی باوکت، ئەو باوکەی کە لە تەواوی ژیانت دا بە هەڵە دەتگوت خۆزگەم زیندو بێتەوەو بە مستێك دمی بشکێنم. باوکت زۆر گوناح بوو بڕاندۆ!

***

جەك نیکێلسۆن دەڵیَ: بڕاندۆ مرد، بەلآم نەك لە ٤ی جولای ٢٠٠٤دا بەڵکو پاش ئەوە کە چی دی لە فیلمەکان دا کایەی نەکرد. فیلمەکانی لە دایك بوون، گەورە بوون‌و تا ئەبەد هەر زیندوون بەلآم ئەو بۆخۆی زوو مرد.

زۆر زووتر لە ٤ی جولای.

کورتە ناسینێك:

مارلۆن بڕاندۆ لە دایك بووی ساڵی ١٩٢٤یە لە ئەمریکا. مردن لە سەعات ٢ی شەوی ٤ی جولای ٢٠٠٤ لە تەمەنی ٨٠ ساڵی‌دا بە هۆی راوەستانی دڵی لەسەر داوای خۆی تەرمەکەیان سوتاندو لە دوورگەی هاوایی کە ملکی شەخسیی خۆی بوو خۆڵەمێشەکە بلآو کراوە.

چەندێك لەو فیلمانەی کە رۆڵی تێدا بینی:

١- پیاوان‌و بووکەڵەکان (یەکەمین فیلم کە رۆڵی تێدا بینی)
٢ــ ئوتوبووسێك بەناوی هەوەس (١٩٤٩دەرهێنانی (الیاکازان) لەرۆی شانۆیەکی براودی کە بە خۆیان بەرێوەیان بردبوو.
٣- بژی زاپاتا. دەرهێنانی (الیاکازان)
٤- شۆڕش لە کەشتیی بولینتی‌دا
٥- دزیرە‌و ناپلۆن
٦ـدوایین  تانگو لە پاریس
٧- سەربازە یەك چاوەکان (دەرهێنان‌و سناریۆی خۆی )
٨ــ کلانتر (دەرهێنانی خۆی‌و بە هاوکاریی رابێرت ردفۆرد( ئەکتەری هالیودی)
٩- "باراندار"( دەرهێنانی (الیاکازان)
١٠- هۆنگ کۆنگ
١١- ژولیوسی سزار
١٢- وەحشی
١٣- زرباب (دەرهێنانی فرانس فوردکاپۆلا. ) شاهکارێکی ٣ بەشی)١٩٧٥
١٤- سوپرمان ٢٠٠٢(بەخۆی تەواوی نەکرد)
١٥- ژیاننامەی مارلۆن بڕاندۆ ٢٠٠٤(کەمەرگ نەهێشت ئەم فیلمە تەکمیك کردیَ)



# داهاتووی هەڵبژاردن لە تورکیە و ڕۆڵی کوردەکان

نووسینی: هادی سۆفیزادە
وەرگێران بۆ کوردی: مستەفا مەعرووفی

بڕیار وابوو هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیە لە مانگی نۆڤامبری ٢٠٠٧دا بەڕێوە بچێ، بەڵام کێشەی پارلمانی ئەم وڵاتە لەسەر هەڵبژاردنی سەرکۆمارو مەسەلەی کاندیداتۆریی عەبدوڵڵا گول لە حیزبی عەداڵەت و پەرەگرتن، خراوەتە پێش و لە ٢٢ی مانگی داهاتوودا بەڕێوەدەچێ.

بە گوێرەی ئە ڕاپرسیانەی کراون، حیزبی عەداڵەتو پەرەگرتن بە ڕێبەرایەتیی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان دەتوانێ ٣٠٪ی دەنگەکان وەدەست بێنێ. دوو حیزبی کۆماری گەل بە ڕێبەرایەتیی دێنیزبایکاڵ و حیزبی چەپی دێموکراتیک بە ڕێبەرایەتیی زەکی سیزەر ٢٥٪ی دەنگەکان، حیزبی بزووتنەوەی میللی بە ڕێبەرایەتیی دەوڵەت باغچەلی ١٥٪، حیزبی دێموکرات (دایکی نیشتمان) بە ڕێبەرایەتیی محەمەد ئاغار ٨٪، حیزبی لاوان بە ڕێبەرایەتیی جیم ئوزان ٧٪، حیزبی سەعادەت بە ڕێبەرایەتیی ڕەجایی کوتان ٣٪ حیزبی سوسیالیست ١٪ی دەنگەکان دەتوانن وەدەست بێنن.

ڕیز بەستنی لایەنەکان هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردوە. حیزبی کۆماری گەل کە خۆی بە درێژەدەری ڕێگای ئاتاتورک دەزانێ و دژ بە ئیسلامی بوونی حکوومەت بەتایبەتی پۆستی سەرکۆمارە، لە هەڵبژاردنی پێشوودا بە ١٩٪ی دەنگەوە لە پارڵمان دابوو کە نەیتوانی لە بەرامبەر ڕقەبەری سەرەکی‌دا واتە حیزبی عەداڵەت وپەرەگرتن بە ڕێبەرایەتیی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لە پارڵمان دا ڕاوەستێ و بەهۆی وازهێنانی چەند کەس لە پارڵمان سەبارەت بە سیاسەتی توندڕۆیانەی، هەستی بە مەترسی کردو سەرنجام لەگەڵ حیزبی چەپی دیموکراتیکی بولێند ئەجەویت کە ئێستا زەکی سیزەر سەرۆکایەتیی دەکا ئیئتیلافی پێکهێنا و لە بەرامبەر حیزبی ئەردۆغان دا ڕاوەستاوە.

بە وتەی کۆڕ وکۆمەڵی شارەزا لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە تورکیەدا، پوتانسیەلی سەرەکیی حیزبی کۆماری گەل لە ڕۆژئاوای تورکیەو هێزی سەرەکیی حیزبی عەدالەت و پەرەگرتن لە ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە دایە. سەرەڕای ئەوەی هاوسەری ئەردۆغان کوردە و خەڵکی شاری سیرتە ئەم جۆرە پەیوەندییە خزمایەتییە لەکاتی هەڵبژاردن‌دا دەوری هەیە، بەڵام ئەم حیزبە لە ڕۆژهەڵات‌دا دەنگدەرانی لێ دوور کەوتۆتەوە. پێویستە بگوترێ حیزبی عەداڵەت و پەرەگرتن لەگەڵ دابەزینێکی ١٠٪ی لە چاو هەڵبژاردنی پێشووبەرەوڕوویە کە بێگومان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر کارنامەی چوارساڵە و سیاسەتی پەرەگرتنی ناڕێکی دەوڵەتەکەی. ئەم دەوڵەتە لە پەرە گرتنی ئابووری‌دا هێندێك سەرکەوتنی وەدەست هێنان. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ١٤٪ هەڵدانی ئابووریی هەبوو کەئاستی ئاسایشی ئابووریی هاووڵاتانی بەرەو ژوور بردوە. لە رابردوودا هیچ کام لە دەوڵەتەکان ئەمەیان نەتوانی. جێگر بوونی نیسبیی دراوی بیانی، لابردنی شەش سفر لەدراوی تورکیە کە لە ئاوسانی ئابووری‌یەوە سەرچاوەی گرتبوو، گەشەکردنی سەنعەتی توریزم(لە ساڵی ٢٠٠٦دا تورکیە ڕچەشکێنی توریستی جیهانی بوو و زیاتر لە دوومیلیۆن توریستی هاتێ)، پەرەگرتنی دەرچووی وڵات بەهۆی ژیاندنەوەی جادەی ئاوریشم و وەگەڕخستنی شەمەندەفەری سەد ڤاگۆنیی هەڵگری شتومەکی دەرچووی تورکیە بۆوڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست، لەو سەرکەوتنانەن کە دەوڵەتی ئەردۆغان وەدەستی هێنان. بەڵام پەرەگرتنی ئابووری پێویستیی بە پەرەگرتنی سیاسی هەیە کە دەوڵەت نەیتوانی پەرەی پێ بدا. ئەردۆغان لە سەفەری خۆی دا بۆدیاربەکر هەرچەند دانی بە کێشەی کورد داهێنا وهاودەردیی لەگەڵ قوربانیانی ڕووداوی کتێبخانەی شەمزینان کرد بەڵام بەکردەوە گەڵاڵەیەکی دروستی بۆ گیروگرفتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە نەخستە ڕوو. هەر بۆیەش حیزبی عەداڵەت وپەرە گرتن دەنگەکانی خۆی لەکوردستان لە دەست دا.

ئەگەر بەکورتی چاوێك بە کورتەمێژووی هەڵبژاردنی پارڵمان لە تورکیە لەم دوو دەیەی دوایی‌دا بخشێنین، بەو ئاکامە دەگەین کە دەنگی گەلی کورد لەم وڵاتەدا بۆ حیزبەکان هۆی چارەنووس ساز بووە، بەڵام بەداخەوە وەك ئامراز کەڵك لە دەنگی کوردان وەرگیراوە.

لە دەیەی ٩٠ دا حیزبی ڕیفاه بە ڕێبەرایەتیی نەجمەددین ئێرباکان و پاش وی حیزبی دایکی نیشتمان کە ئەو کات مەسعوود ئیلماز لەسەر کاربوو تەنیا بەو قەول و بەڵێنانەی بە کوردەکانیان دا توانیان لە هەڵبژاردندا بیبەنەوە و کابینەی دەوڵەت پێك بێنن. لە خۆڕا نەبوو لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا محەممەد ئاغار ڕێبەری ئێستای حیزبی دایکی نیشتمان سەفەری بۆ ناوچەی کوردستان کردو بە قەول و بەڵێنی بێ نێوەرۆك هەوڵی هەڵخەڵەتاندنەوەی کوردەکانی دا.

هەرچەند پاش کودیتای ساڵی ١٩٨٠ کوردەکان نەیانتوانی بە مەبەستی خزمەت بە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان هەتا نیوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ خاوەنی حیزبێکی جێگەی متمانە بن و دامەزرانی حیزبی سیاسی بۆکوردان لە تورکیە دا بە ناسنامەی کوردی‌یەوە ئیمکانی نەبووە و نیە. لە ڕاستی‌دا ئەوەی ئەمڕۆ وەدی‌هاتوە هەوڵی ماندوویی نەناسانەی سیاسەتمەدارانی کوردی تورکیە بووە کە جێگەی شانازییە. بە سەرنجدان بەوەی ١٢ نوێنەری پێشوو کە لەساڵی ١٩٩١ دا چوونە پارڵمان و پاشان تووشی زیندانیی درێژخایەن بوون، لە لایەن حیزبی دێموکراتی تورکیەوە کاندیدا کرابوون کە حیزبەکە نەك هەر ئامادە نەبوو پشتیوانیان لێ بکا، بەڵکوو پێشی تووڕە بوون، دەبێ بڵێین دەیان کەس لە کاتی چالاکیی حیزبی لایەنگری مافی کوردان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە بە شێوەیەکی گوماناوی کوژران.

هەرچەند تیرۆری دەوڵەتی، زیندان ودوورخستنەوە لە دژی گەشەکردن و یەکیەتیی کوردان دا سەرکەوتوو نەبوو، تورکەکان دەستیان کرد بە دانانی قانوون و کەندوکۆسپ لەدژی کوردەکان دا و لە ساڵی١٩٩٦ دا لە پێناوی دژایەتی کردن لەگەڵ کورد قانوونی ١٠٪یان پەسند کرد. بە پێی ئەم قانوونە هەرحیزبێك کەمترلە ١٠٪ی دەنگەکان وەدەست بێنێ، مافی چوونە نێو پارڵمانی نیە. لە لایەکی دیکەشەوە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠دا پرۆژەی گاپ بە ڕواڵەت بۆ پەرە پێدانی ئاوەدانی، فەرهەنگ ونەهێشتنی هەژاری لە کوردستانی تورکیەدا بەڕێوەچوو. ئەو پرۆژەیە بەر لەوەی فەرهەنگی - ئابووری بێ، پرۆژەیەکی ئەمنییەتی‌یەو تەنیا بۆ کۆنترۆڵی بزووتنەوەی گەلی کورد بوو کەبەرەو بە هێزبوون دەچوو و بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر سووریەدا بوو کە کێشەی کۆنی لەگەڵ تورکیە هەبوو. پاش ٢٠ ساڵ تەنیا ٣٠٪ی بەڕێوەچوو کە گرنگترین بەشی بریتی‌یە لە دروستکردنی بەنداوی ئاتاتورك وگرتنەوەی ئاوی فوراتێ بەمەبەستی لەفشارنانی سووریە، دامەزراندنی کاناڵێکی تەلەڤزیۆنی بۆگەیاندنی هەواڵ وزانیاری بە ڕۆژهەڵاتی تورکیە بە مەبەستی سیاسی و بەلارێدابردنی ڕاستییەکان بەقازانجی دەوڵەت، چەکدارکردنی گوندنشینان لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان و دووبەرەکی نانەوە لە نێو کوردان دا بووە.

حیزبی دێموکراتی گەل (هادەپ) لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩دا بەشداربوو کە سەرەڕای کۆسپی قانوونیو فشاری ئەمنییەتی‌یەکان توانی ٤،٢٪ی دەنگەکان وەدەست بێنێ. هەروەك گوترا ئەمە یەکەم بەشداریی سیاسیی کوردەکان دوای کودیتای نیزامیی ساڵی ١٩٨٠ بوو. تا ئەوکاتە حیزبەکانی دیکە دەنگی کوردەکانیان بەوەعدو بەڵێنی بێ نێوەڕۆك وەدەست دێنا. بەسەرنجدان بە حەشیمەتی زۆری کورد، ئەگەر بە وشیاری و یەکگرتوویی بەشداربن ، دەتوانێ نەك ١٠٪ بەڵکوو زیاتر لە ٢٠٪ی دەنگەکان وەدەست بێنێ. بەڵام لەبەر زۆر هۆ تا ئێستا نەیانهێشتوە ئەم پرۆسەیە ببێتە وشیارییەکی نەتەوەیی کە پاشان ئاماژەی پێ دەکەین. حیزبی هادەپ لە سەرەتای دامەزرانی‌دا و لەیەکەم کۆنگرەی خۆی‌دا ئاڵای تورکیەی دابەزاند و لە جیاتی وی ئاڵای کوردستانی بەرز کردەوە. ئەم کارە بوو بەهۆی گیرانی هەموو ڕێبەرانی کە ١٨ کەس بوون و ساڵێك لە تەمەنی خۆیان لە زیندان دا تێپەڕاند. خەڵکی کوردستان لە تورکیە کە قەت هیوایان بەوە نەبوو ڕۆژێك حیزبیان لە پارڵمان-دا هەبێ ، لە بیری ئەوە دابووە دەنگەکانی نەسووتێ‌و بدرێن بە ڕەوتێکی دیکە. لەساڵی ٢٠٠٣ لەکاتی هەڵبژاردن‌دا حیزبی دیموکراتیکی گەل لە لایەن تورکیەوە هەڵوەشێندرا و لەئاکام دا حیزبێکی نوێی دیکەی کوردی لەژێرناوی پارتی گەلی دێموکراتیك (دەهاپ) دامەزرا. هەرچەند مەودای دامەزرانی ئەم حیزبە لەگەڵ کاتی هەڵبژاردن دوو مانگ زیاتر نەبوو کوردەکان سەرکەوتنێکی باشیان وەدەست هێنا و ئاگربەسی P.K.K یش کەش و هەوای کۆمەڵگەی ئارام کردبۆوە و هۆیەك لە گۆڕێ‌دا نەبوو بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیە کەندوکۆسپی بخاتە سەر ڕێ، وا مەزەندە دەکرا دەهاپ بتوانێ بەسەر کۆسپی ١٠٪ی‌دا زاڵ بێ. بەڵام ئەم حیزبە تووشی هەڵەیەکی سیاسی بوو و لە کۆمەڵگەی ئایینیی تورکیەدا لەگەڵ چەند حیزبی بچووکی چەپ و کۆمۆنیست ئیئتلافی پێك هێنا. ئەم ئیئتلافە هەستی ئایینیی خەڵکی بەرەو حیزبی عەدالەت و پەرە گرتن کە حیزبێکی ئیسلامییە پاڵ پێوە نا. لەم هەڵبژاردنەدا کوردەکان توانیان ٦،٥٪ی دەنگەکان وەدەست بێنن. هەرچەند ئەم ڕێژەیە بۆ کوردەکان شکستێکی مانادار بوو وپاساو نەدەدرا، بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە بۆخۆی جۆرێك سەرکەوتن بوو. چونکە لەماوەی چوار ساڵی پێشتردا سێ حیزبی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنی پێشوودا کە بریتی بوون لە حیزبی چەپی دێموکراتیك بە ڕێبەرایەتیی بولێند ئەجەویت، حیزبی بزووتنەوەی میللی بە ڕێبەرایەتیی ئالپ ئەسلان و حیزبی دایکی نیشتمان بە ڕێبەرایەتیی مەسعوود ئیلماز بەشێوەی ئیئتلاف دەوڵەتیان لەبەر دەست دابوو، لەم هەڵبژاردنەدا بەتەواوی لە مەیدان دەرکران، بەڵام کوردەکان لەچاو هەڵبژاردنی ساڵی ٩٩ زیاتر لە٥٠٪ی دەنگەکانیان وەدەست هێنابوو.

لە ڕوویەکی دیکەوە سەرنەکەوتنی حیزبی لایەنگری کوردان دەکرێ لە چەند لایەنەوە هەڵسەنگێنین:

١ــ هەلومەرجی نائاسایی لە کوردستانی تورکیە لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا تا کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ .

٢ــ پێکهاتەی عەشیرەیی کوردستانی تورکیە و دەستڕۆیشتوویی دەوڵەت لە نێو سەرۆك عەشیرەکاندا ــ دەبێ بڵێین ٦٠٪ی حەشیمەتی تورکیە گوندنشینن.

٣ـ پێکهێنانی کەش وهەوایەکی پڕ لە ترس و تۆقاندن لە نێو گوندنشینان-دا لە لایەن هێزە ئەمنییەتیەکان بە تایبەتی لەکاتی هەڵبژاردن‌دا.(هێزە نیزامییەکانی تورکیە هەڕەشە لە خەڵك دەکەن کە دەتوانن دەنگ بەهەر حیزبێك بدەن جگە لە حیزبی لایەنگری کوردان.)

٤ــ پەرش وبڵاوی لە بیری نەتەوایەتیی کوردەکان داو کەش وهەوای ئایینیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان‌دا و کەڵك وەرگرتنی ئیسلامییەکان لەوان.

لەم قۆناغەدا کوردەکان ٤٤ کاندیدای سەربەخۆ کە نزیکەی ٨٪ی دەنگەکان دەگرێتەوە لەژێرناوی "کاندیدایانی هەزار هیوا"دا لە هەڵبژاردن‌دا بەشدار دەبن و ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ٢١ کەس لەو ٤٤ کاندیدایانە ژنن. حیزبی کۆمەڵگەی دێموکراتیك لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەتوانێ دەنگ بۆ ئەمانە وەرگرێ، بەڵام سەرچاوە سەربەخۆیەکان دەڵێن وەرگرتنی دەنگ بۆ ٢٥ تا ٣٠ کاندیدا حەتمی(گارانتی)یە، سی‌وپێنج کەس مومکینە و٤٥(٤٤) کەسیش ئیحتمالی هەیە.

لێرەدایە کە ئەگەر دوو حیزبی سەرەکی لە بەرامبەر یەك دا ڕاوەستن و لەپارڵماندا هاوتەریب بچنە پێش، ئەوە دەنگی کوردەکانە کە دەتوانێ تای تەرازوو بەلایەك دا بخا. ئاشکرایە کوردەکان لەگەڵ بیری پان تورکیزمی حیزبی کۆماری گەل بێگانەن و لە کارو کردەوەی دەوڵەتی ئەردۆغانیش ڕازی نین. بەڵام ژمارەیەك نوێنەر لە کەمایەتی‌دا کاریان لەدەست نایە. بەڵام دیسان دەتوانن لە بڕیاردانی گرنگ دا کاریگەر بن.

هەرچۆنێك بێ دەبێ چاوەڕوانی کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی بین.



دڕێژەی

## " ئێران پێشڕەوی ئیعدامی مێرمنداڵانە لە دنیادا"

پێشنیاری بە ڕوونی ڕادەگەیەنێ کە پێشنیاری بە ڕوونی ڕادەگەیەنێ کە لە کاتێکدا کە دەتوانرێ سزاکانی تۆڵەو "حد" سووك بکرێن کە پێگەیشتوویی دەروونیی تاوانبار کراو جێگای گومان بێ. سزای تۆڵە کردەوەیەکی تاوانکارانەی دژ بەمافە تاکە کەسییەکانە کە بەپێی ئەو قوربانی دەتوانێ سزایەکی هاوشێوە وەرگرێتەوە. سزای "حەد" لە یاساکانی سزای ئیسلامی دا پێناسە کراوەو باس لەوە دەکا ئەگەر ماددەی ٣ــ٣١ یاسا پێشنیاری حوکمی سزای مردن‌و زیندانی هەتاهەتایی بۆ تاوانبارانی ١٥تا١٨ ساڵ لە ناوەندەکانی بارهێنانەوەی مێرمنداڵان کەم بکرێتەوە. زۆربەی حوکمەکانی ئیعدامی منداڵان لە ئێرانی پێوەندییان بە سزای تۆڵەو "حەد"ەوە هەیەو کاتێك ئەگەری بەڕێوەبردنیان هەیە کە قازییەکان دیاریی بکەن لە پێگەیشتوویی دەروونیی تاوانبارن دا گومانێك نیە.

"بن کامۆ" گوتی: ئێران ماوەیەکی زۆرو لە ڕادەبەدەری هەبووە بۆ ئەوەی دەروەستیی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە ئیعدامی منداڵان نیشان بدا. "حکومەت ئێستا دەبێ هەنگاوی بنەڕەتی‌و خێرا لەو بوارەدا هەڵ بێنێتەوە".

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ داوا لە مەجلیسی ئێران دەکا تا دەسەڵاتی قازی لە بارەی دانی حوکمی ئیعدامی تاوانبارانی ژێر ١٨ساڵ وەرگرێتەوە. هەروەها دەبێ باقیی یاسا پێشنییار کراوەکان سەبارەت بە پێویست بوونی سووك کردنی حوکمی مەرگو زیندانی هەتاهەتایی بە زووترین کات پەسەند بکا.

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ شێلگیرانە داوای لە شورای نیگابان (کە دامەزراوەیەکی ڕووحانییەو دەتوانێ بڕیارەکانی مەجلیس ویتۆ بکا) کرد کە دژایەتیی ئەو یاسا پێشنیار کراوانە نەکا. تەنیا ئێران، چین، سودان، پاکستان بە وڵاتانێك ناسراون کە لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوانبارانی لاویان ئیعدام کردوە.

سودان دوو نموونە لەو جۆرە ئیعدامانەی لە ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەبردوەو چین لە ساڵی ٢٠٠٤دا جارێك‌و پاکستانیش لە ساڵی ٢٠٠٥دا جارێك. بە پێچەوانەوە ئێران لانی کەم سێ جار لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەڕێوەی بردوە، هەشت جار لە ساڵی ٢٠٠٥داو چوار جار لە ساڵی ٢٠٠٦دا.

بەپێی ژمارەی گشت ئیعدامەکان، چ مێرمنداڵان‌و چ گەورەساڵان، تەنیا چین ئیعدامی لە ئێران زیاتر کردوە. بەپێی پێوەری ڕێژەیی‌و دابەش کردنی ئیعدامەکان بە سەر گشت حەشیمەتی وڵاتاندا، ئێران هەموو ساڵێك زیاتر لە هەر وڵاتێك ئیعدامی تێدا بەڕێوە دەچێ.

دوو پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی منداڵان‌و مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان بەڕێوە بردنی ئیعدام لەسەر تاوانبارانی ژێر ١٨ ساڵیان یاساخ ڕاگەیاندوەو ئێرانیش هەر دووك ئەو پەیماننامانەی پەسەند کردوە.

# ژیان دەگەڵ مردن دا،

## بیرەوەری کچێکی برینداری چەکی کیمیایی لە سەردەشت

نووسینی: خوشکی شوانە
وەرگێران بۆ کوردی: عەوڵلا عەبدوڵلاپوور

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو کارەساتە گەورە دژی مرۆییە تووشی شاری جوانی سەردەشت بێ. هەموو خەڵك دەگەڵ تۆپو بۆمبارانی هەوایی ڕاهاتبوون بەڵام ئەو جارە جیاوازیی هەبوو ئەهریمەنی مەرگ سێبەری بەسەر شاردا کێشا بوو.

من وەك کەسێك کە قوربانی ئەو جینایەتە بووم پێم وایە گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو جینایەتە بۆ من مەرهەمێك بێتو خوێنەرانیش دەگەڵ گۆشەیەك لەم جینایەتە دژی مرۆڤایەتی‌یە ئاشنا دەکەم.

لەو ڕۆژە ڕەشەدا تەنیا دوازدە ساڵانە بووم دەگەڵ دوو برای چووکتر لە خۆم بۆ شت کڕین چووبووینە بازاڕ تاکوو شت بکڕین، ئەوان لە من جیا بوونەوەو چوونە پارکی ناو شار منیش چوومە گۆڕەپانی "سەرچاوێ" کە لە نێوەندی شار دایە، لە ناکاو فڕۆکەکان هاتنو شاریان بۆردمان کرد. خەڵك لە ترسان هەر کەسەو بۆ لایەك هەڵدەهات، هیچ کەسێك بیری نەدەکردەوە کە شار بۆردمانی شیمیایی کراوە بەڵام کەم کەم وەدیار کەوت کە شیمیایەو بەو هۆیەوە خەڵك زۆرتر هەراسان بوونو ئاویان بەدموچاویان دادەکرد. منیش هەرجۆرێك بوو خۆم گەیاندەوە ماڵێ. دیتم بەشێك لە خەڵك بۆ سەر تەپۆڵکەکان هەڵاتوونو بەشێك لە خەڵکیش لە ژێر زەمینەکاندا خۆیان شاردۆتەوە. تەنیا بابم لە ماڵ بوو لە براکانمی پرسی وتم لە من جیا بوونەتەوە، بە خێرایی بۆ دۆزینەوەیان چوو بۆ بازار. بە بابم وت بابە گیان شار بۆمبارانی شیمیایی کراوە ترسناکە، وتی نا کچم بۆنی باڕووتەو ڕۆیشت ئەو تەواوی شار گەڕابوو بەڵام نەیدیتبوونەوە کاتێك گەڕایەوە زۆر ناڕاحەت بوو. بەڵام بەخۆشیەوە دوای ماوەیەك ئەوان هاتنەوە. کەم کەم فرمێسك لە چاوانم هاتنە خوارێ وەك ئەوەی کە ئاوریان گرتبێت. چاوم خەریك بوون تاریك دەبوون، حاڵەتی ڕشانەوەم هەبووو دەکۆخیم پێستیشم کەمێك بلۆقی کردبوو، هەر زوو بابم منی گەیاندە نەخۆشخانە. نەخۆشخانە وەك سەحرای مەحشەر وابوو پڕ بوو لە بریندارو بەرکەوتە، سێرۆمیان لێ پێوەند کردمو خەریکی چارەسەر کردنم بوون. زۆربەی نەخۆشەکان لە حەساری نەخۆشخانە خەوێنرابوون چونکە ئیمکانات نەبوو ئەو نەخۆشانەی کە وەزعیان خراپتر بوو بۆ شارەکانی دیکەیان ڕادەگواستن. لە دواییدا دەگەڵ بابم گەڕامەوە ماڵێ. نەخۆشیەکەم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئازاری دەدام، دەکرێ بڵێم شار چۆڵ ببوو، ڕۆژ ڕابرانو خەڵکی شار تووشی کارەساتێك بوون کە ئێوە خوێنەرانی خۆشەویست تا ڕادەیەك لێی ئاگادارنو دووبارەکردنەوەی باش نیە، نزیك بە سەدان شەهیدو نزیك بە دەهەزار بریندار.

هاوین ڕابردو کاتی کرانەوەی قوتابخانەکان هاتو منیش چومەوە قوتابخانە بەڵام هەناسە سواریو کۆخەی زۆر ئازاریان دەدام نەمدەتوانی وەرزش بکەم، تەنانەت بەداخەوە کەشی ئەوکات بە جۆرێك بوو کە هێندێك کەس خۆیان لەمن دوور ڕادەگرتو منیش پێم خۆش نەبوو هیچ کەس پێم بڵێ شیمیایی بوویی چونکە ئەو کات خەڵك بە چاوێکی سووك چاویان لەو جۆرە کەسانە دەکرد.

چەند مانگێك لە قوتابخانە ڕابردو منیش هەرچۆنێك بوو دەچومەوە بۆ قوتابخانە بەڵام نەخۆشیەکەم هێندەی ئازار دەدام کە هێزی چوونە قوتابخانەی لێگرتم هێندێك جار لە ڕێگای قوتابخانە بە هۆی هەناسە سواری زۆر هێزی هاتنەوە ماڵەوەم نەبوو کە هاوپۆلییەکانم دەیانهێنامەوە ماڵێ. بەداخەوە کەم دەرامەتیی بابمو خێزانداری هەڵی ئەوەی نەدەدا بە بابم بۆ چارەسەر کردن بۆ شارەکانی دیکەم ببات. بەڵام دواتر بە هەر شێوەیەك بوو هاوکاری هێندێك لە خزمانو دراوسێکان بوو بە هۆی ئەوەی کە بابم من ببات بۆ ورمێو ماوەیەك لەوێ لەژێر چاوەدێری دا بووم. کەمێك باش ببومەوە بەڵام لە دوای چەند مانگێك دووبارە وەك خۆم لێ هاتەوە.

دوو ساڵو ماوەیەك ڕابردو نەخۆشی ژیانی لە من تاڵ کردبوو، هێندێك جار تەنانەت نەمدەتوانی لە حەساری ماڵی خۆمان ڕا بچمەوە بۆ ژورێ، هێندە هەناسەم سوار دەبوو کە منیان دەبردە لای دوکتۆر. بە هۆی داواکاریی یەکێك لە دوکتۆرەکان بابم بە هەر بەدبەختیەك بوو منی بۆ نەخۆشخانەیەکی تەورێز برد. لە دوای پشکنین دوکتۆر پێی وتم کە شیمیاییمو منیش زۆر گریامو بابیشم وتی دوکتۆری بەڕێز مافی ئەوەت نیە قسەی وا بە کچەکەم بڵێی ئەو نەخۆشیەکی دیکەی هەیەو بەهۆی سەرما وای لێهاتووە. دوکتۆر وتی من دوکتۆرم نەك ئێوەو کچەکەت دەبێ ماوەیەك لێرە بمێنێتەوە تاکوو باشتر بێت. لەماوەی مانگێك دا کە لەوێ بووم کەمێك باشتر ببووم بابم ویستی بمباتەوە سەردەشتێ بەڵام دوکتۆر وتی کە دەبێ ماوەیەکی زۆرتر لێرە بمێنێتەوە. بەڵام من پێم خۆش نەبوو لە شاری غەریب وەمێنم، دەگەڵ بابم گەڕاینەوە بۆ سەردەشت. ویستم درێژە بە خوێندن بدەم بەڵام نەمتوانیو بە ناچاری وازم لە خوێندن هێناو لە هاوپۆلییەکانم جیا بوومەوە. کات وەك هەور ڕادەبرد، من هەروا بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە ئازار دەچێژم چەند جاری دیکەش بۆ شارەکانی مەهابادو ورمێ ڕۆیشتم بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو.

هاوینی ساڵی ١٣٧٢ بوو لەگەڵ بنەماڵەکەم بۆ دابین کردنی بژێوی وەکوو خەڵکی کەم دەرامەتی ناوچە چووبووینە کورەخانەی خشت بڕی لە "مەرەند". ئاخری هاوین دەگەڵ براکانم کە دەیانویست بچنەوە قوتابخانە ویستم بچمەوە بۆ سەردەشت تا ئەو کات بۆ هەناسە سواریەکەم کەڵکم لە ئیسپێری (سالبوتامول)وەردەگرت ـ هەڵبەت ئێستاش ناتوانم بە بێ ئەو هەناسە هەڵکێشم. لە تەورێز سواری ئوتوبوسی مەهاباد بووین دەخولەك دەبوو کە ئوتوبوسەکە وەرێ کەوتبوو من ویستم کەڵك لە ئیسپیری‌یەکە وەرگرم بەڵام لە ناو تاکسی شار دا لێم بەجێ مابوو. هێندەم فشار بۆ هات کە خەریك بوو دەخنکام براکەم مەسەلەکەی بە شۆفیرەکە وت و پێی وت کە وەگەڕێ بەڵام بە قسەی نەکردین، کەم کەم مردنم بەچاوان دیت یەکێك لە موسافیرەکان بە براکەمی وت کە خوشکت چیەتی خەریکە دەمرێ. ئەویش وتی کە هەناسە سواریەتیو ئیسپێریی هەناسەکەی لێ بەجێ ماوە. ئەو ڕۆژە گەورەیی خوام بۆ دەر کەوت چونکە ئەو موسافیرەش نەخۆشیی هەناسە سواری هەبوو ئەو ئیسپیریی هەناسەی پێبوو ئەوی دا بە منو من لە مردن ڕزگارم بوو.

خوێنەری خۆشەویست نامهەوێ بە باس کردنی ئازارەکانی خۆم کە نموونە گەلێکی زۆر بچووك لە کارەساتدیتوانی ئەو شارەن کاتی بە نرخی ئێوە بگرم. هەر ڕۆژ کە بە تەمەنمەوە زیاد دەبێ تووشی نەخۆشی گەلێکی دیکە وەك نارەحەتی دەمارو لاوازی ئێسك بوومو هەمیشە لە ژێر چاوەدێریی دوکتۆر دام کە تەنانەت ناتوانم کارەکانی ماڵەوەش بە تەنیا ڕاپەڕێنمو هاوسەرەکەم هاوکاریم دەکات. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەو بیرەوەریانەم هاوکاتە دەگەڵ ساڵڕۆژی بۆمبارانی سەردەشت، دوای ماوەیەك کە لە نەخۆشخانە کەوتبووم ئەمڕۆ هاتوومەتەوە ماڵێ. بەڵام ئێستاش کە ئێستایە دوو پرسیار بە تەواوی لە لام بێ وەڵام ماونەتەوە کە بۆ تەنیا ناوچە کوردنشینەکان هێرشی شیمیاییان کرایە سەر؟و دووهەمیش بۆچی لەدوای تێپەر بوونی ئەو هەموو ساڵە تازە باس و قسە لەو ڕوداوە دەکرێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگیان لەو کارەساتە دژی مرۆییە کرد.

تێبینی: ئەو بیرەوەریە لە ١٩ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت دا نووسراوە.



درێژەی

# دوای تێپەڕینی ٢٠ ساڵ بەسەر بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت دا .......

ڕێگای ئەو پێناسەوە، داودەرمانەکانی خۆیان هەرزانتر وەدەست بخەنو قەرەبووی بەشێك لە ئازارو زامەکانیان بدرێتەوە.

دیارە ئەو چەند ساڵە بەتایبەت دوای ئەوە کە تاوانبار فرانس ڤان ئانرات بازرگانی چەکی شیمیایی خەڵکی هوڵەند گیرا لە دادگای شاری لاهە کەوتە بەر لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە، ساڵانە چەند جار وەفدی ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی سەردەشت هاتوونە وڵاتی هوڵەندو لە دادگای تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دا بەشداریان کردو شاهیدیان لەسەر ئەو تاوانبارە داو بەڵگەکانیان تەحویلی دادگای نێونەتەوەیی لاهە دا. هەر لە میانەی کارەکانی ئەو ئەنجومەنەدا ئەوە چەند ساڵێکە وەفدەکانی ژاپۆنو هەڵەبجە لە ساڵیادی شیمیایی بارانی سەردەشت دا دێنە ئەم شارە هاودەردیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەو قوربانیانی ئەو کارەساتە دەردەبڕنو هەروەها ئەوە چەند ساڵە کە وەفدی شاری سەردەشت بۆ هاودەردی لەگەڵ شیمیابارانی شارەکانی هەڵەبجەی باشووری کوردستانو ناکازاکیو هیرۆشیمای ژاپۆن سەردانی ئەو شارانە دەکەنو تا ئێستا توانیویانە تەنیا بۆ ئەوە نیشانی بدەن کە دەردو ئازارەکان یەکنو قوربانی‌یەکان وەك یەك وان لە شاری سەردەشت شەقامێك بەناوی هیرۆشیما ناودێر کراوە. هەروەها قەرار بوو کە لە ژاپۆنیش شەقامێك بەناو سەردەشت ناودێر بکرێ. ئەوەش زۆرتر میوانداریو هەست بە بەرپرسایەتیی خەڵکی شار بوو کە وەڤدەکانی میوانی دڵخۆش کردوە بۆ ئەوەی کە پێکەوە دەستەخوشك بنو ئازارەکانیان بەم شێوەیە کەم بکەنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ساڵانە ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی سەردەشت لەبەر نەبوونی ئیمکاناتو بەتایبەت نەبوونی پوڵو پارە چەند جار بە شەقامەکانی شار دا دەگەڕێنو پوڵ لە دووکاندارو کاسبکارانی شار وەردەگرن بۆ ئەوەی کە یادی کارەساتی شیمیابارانی شاری پێبکەنەوە. ئەم ساڵیش بۆ یادی بیست ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت گەنجو لاوانی شارو دڵسۆزانی سەردەشت خەریکی دارشتنی پلانو بەرنامەن بۆ ئەوەی لە یادی بیست ساڵەی ئەم کارەساتەدا باشتر لە ساڵانی ڕابردوو بێنە مەیدانو بە نیشان دانی چەندین چالاکیی هونەریو خوێندنی شێعرو پەیامو نیشان دانی چالاکیی وەرزشی باشتر ئەم یادە بکەنەوە. بەپێی ئاگاداریو هەواڵ قەرارە چەند دەستە لە کاراتەکارانی چەند وڵاتێك کە بریتین لە پورتەغالو ژاپۆن فەرانسەو ئوزبەکستانو ئینگلیستان بێنە شاری سەردەشتو لەگەڵ کاراتەکارانی شاری سەردەشت بکەونە کێبەرکی. بەداخەوە فیدراسیونی کاراتەی ئێران لە پارێزگای ورمێ ڕایان گەیاندوە کە هیچ یارمەتی‌یەكو کارئاسانی‌یەك بۆ میوانەکان ناکەن هەر بۆیە دیسان ئەم ساڵیش ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی سەردەشت رووی لە خەڵکی شاری سەردەشتو کردوە کە یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی ئەم ساڵیش وەك خانەخوێیەکی باش بتوانن میوانەکان بە تایبەت دەستەی کاراتەکارانی ئەم پێنج وڵاتەی کە ناویان هاتوە بەڕێ بکەن. هەروەك ئاماژەم پێدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەوە تا خوارێ بەتایبەتییش ئی شاری سەردەشت هیچ کات یارمەتیدەر نەبوون بۆ بەڕێوەبردنی کارو چالاکیی‌یەکانی تایبەت بە شیمیابارانی شاری سەردەشت. هەموو ساڵێك دوای ئەوە کە زانیویانە ناتوانن ئیرادەو هیمەتی خەڵك سست بکەنو خەڵك وەڵامیان ناداتەوە ئەو جار بەلارە ملی هاتبوون لە سەفەکانی پێشەوەی ڕێورەسمەکە دانیشتبوونو فەرماندار یا نوێنەری فەرمانداری وتاری دوور لە ڕاستی‌یان خوێندۆتەوە.

ئەم ساڵ لە کاتێك دا یادی ٢٠ ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت دەکرێتەوە کە سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حوسێنی دیکتاتۆر لە دار دراو بە سزای تاوانو کردەوەکانی خۆی گەیشتوەو چەند تاوانباری دیکەی هاودەستی سەدام چاوەڕوانی بەڕێوە چوونی حوکمی لە سێدارە درانن. ئەگەر ڕێژیمی گۆڕکراوی بەعس لایەنێکی شەڕی ٨ساڵەی نێوان ئێرانو عێراق بوو، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ ئێرانیش لایەنێکی بەرامبەری بووە لە شەری ماڵوێرانکەری ٨ساڵەی نێوان ئەم دوو دوژمنە سەرەکی‌یەی کوردان دا.

هەر دووکیان بۆ کاول کردنی ماڵو حاڵو ژیانی کوردان شەریان بە زۆر کێشایە کوردستانو بنکەو بارەگای سەربازیی زۆریان بە ناوی پاراستنی سنوورەکانیان هێنایە کوردستانو لە ئاکام دا شەڕو پێکدادانە سەربازی‌یەکانی هەر دوو دیکتاتۆر کێشرایە خاکی کوردستانو ئاواتی چەندین ساڵەی ئەو دیکتاتۆرە کە خاپوور کردنو کێومال کردنی کوردستان بە بۆمبو ناپاڵم بوو هاتە دیو لە جیاتی سەربازگەو شەرگەکان ببنە ئامانجی شەڕی ئەو دوو دیکتاتۆرە بەداخەوە شارو گوندەکانی کوردستان لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە ئامانجی سەرەکیی دوژمنانی گەلی کوردو خەڵکی زۆریان شەهیدو بریندار کردو لە ماڵو شوێنی ژیانی خۆیان ئاوارەو بێماڵ کردن. با لە یادی بیست ساڵەی شیمیابارنی خەڵکی بێ دیفاعی سەردەشتو گوندی ڕەشەهەرمێ لە چەند کیلۆمەتریی سەردەشت هەروەها شەهیدانی گوندی زەردە لە پارێزگای کرماشانو گوندەکانی ناوچەی شلێر لە سەقزو شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی خەڵکی هەڵەبجەو بادینانو دۆڵی بالیسانو ناوچەکانی دیکە داوای قەرەبوو کردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە ڕێژیمەکانی عێراقو ئێران بکەینو ئاوات بخوازین کە کاربەدەستانی خۆسپێنی ئێرانیش بکێشینە بەردەم دادگایەکی عادلانەی خەڵکی نێونەتەوەیی بۆ هەموو دیکتاتۆرانی ناوچە دەرسو پەند لە سزاکانی ئەو کاربەدەستە خۆسپێنانەی ئێران وەربگرن. جێگای خۆیەتی لێرەدا بەهەموو هێزو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین چیدی لە ئاست ئەو کۆمەڵکوژیەدا بێدەنگ نەبنو چاوو گوێی خۆیان لە ئاست ئەو تراژیدیایەدا نەبەستن. مێژوو لە بێدەنگیو چاو نوقاندنتان لە ئاست ئەم جینایەتە سامناکە لێتان خۆش نابێتو خەڵکی کوردستان، چیدیکە دەلیلو بەڵگەی بێجێتان لێ قەبووڵ ناکەن، پسپۆڕانو نووسەران لە سەر بێدەنگیو چاو نووقاندتان لە ئاست ئەم مەسەلەیە لاپەرەکانی خۆیان لەسەر ئێوە بە ڕەشی دەنووسن. با لە بیست ساڵەی ئەم کارەساتەدا هەموومان یەکدەنگو هاوخەمو هاوپشتی شاری سەردەشت بین.

لە کۆتایی‌دا سلاو لە خەڵکی خۆڕاگری کوردستانو شەهیدانی کارەساتی ٧ پووشپەری سەردەشت. تەندرووستیو باشبوونەوە بۆ زامدارانی شیمیایی سەردەشت بە ئاوات دەخوازمو مەرگو نفرەت بۆ خولقێنەرانی ئەم جینایەتە سامناکە.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# دێموکراسی، سەروەریی نەتەوەیی و یاسامەندی

**وشیار موکریانی**

"پۆپەر" دەڵێ: بە درێژایی مێژوو گرینگترین پرسیارێك کە لە بیری دێموکراسیخوازانەی سیاسیی مرۆڤدا بەرجەستە بۆتەوەو هەر کەس یا گرووپێکیش لە ڕوانگەی خۆیەوە هەوڵی داوە وڵامی شیاوی پێ بداتەوە، ئەم پرسیارە چەواشەیەی ئەفلاتوون بووە کە: "کێ دەبێ حکوومەت بکات؟!" کە ئەوە بوو بە سەرەکیترین چەمك و پرسی دێموکراسیی ئەفلاتوونی. وڵامی خودی ئەفلاتوون بەم پرسیارە ئەوە بوو کە "باشترینەکان". بەڵام پرسیاری خوازراو لێرەدا ئەوەیە کە ئایا باشترینەکان کێن؟ چۆنو لە کام خوازگەوە باشترینەکان دیاری دەکرێن؟و ...

دێموکراسی ئەفلاتوونی باشترین یا باشترینەکان بە زۆرینە ناودێر دەکات و لە ئاکامدا مافی حکوومەت و دەسەڵاتدارێتی بە نوێنەرانی زۆرینەی نێو کۆمەڵگاکان دەبەخشێت. بەڵام ئایا بەراستی لە کۆمەڵگادا خەڵك یا تەنانەت بڵێین زۆرینە، وەك چۆن دەنگ دەدەن ڕێگای بەشداری کردن لە دەسەڵاتیان دا هەیەو حکوومەت دەکەن؟! ڕەنگە بتوانین لە درێژەی باسەکەدا بە شێوەیەك بە وڵامی ئەو پرسیارەش بگەین یا هەندێك لێی نزیك بینەوە.

وەك دیارە بە درێژایی مێژوو مرۆڤ و بە تایبەت سیاسەتوانان لە پرۆسەی بیرو هەوڵە سیاسییەکانی خۆیاندا، هەرکام بە جۆرێك، وڵامی پرسیارە ئەفلاتونییەکەی دێموکراسییان داوەتەوە. بەداخەوە وڵام و هۆناسی و ڕێکاری وڵامەکە زۆربەی جار لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتدا خۆی دۆزیوەتەوەو بۆتە بەشێك یا سەرەکیترین بەشی ژیان و باوەڕە پیرۆزەکانی نێو کۆمەڵگاو دەسەڵاتیش. هەر بۆیەشە لەم جۆرە وڵات و کۆمەڵگایانەدا دەسەڵات خۆی لە قەڵافەتێکی پیرۆزدا ئاراستە دەکات و هەرچەشنە ڕەخنەو بیزاری دەربرینێکیش لە بەرامبەر ئەو باوەڕە پیرۆزانەدا دەچێتە نێو سنووری قەدەغەکراوانەوەو هەر هەوڵێکی دەربازبوونیش کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. وەك دیارە ئەم پرسیارەو وڵامە دێموکراسینوێنانە لە دەروونی خۆیاندا هەڵگری دیکتاتۆرانەترین شێوازەکانی حکوومەت و سیستمی دەسەڵاتدارین.

"مارکس" و درێژەدەرانی ڕێگاکەی، کرێکاران و زەحمەتکێشان بە باشترین و جێ متمانەترین کۆمەڵێك لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا دەزانن کە دەبێ حکوومەت بکەن و تەنانەت خاوەنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بن. "هیتلێر"و داروودەستەکەی کە خۆیان بە نوێنگەی ئیرادەی نەتەوەی ژێرمەن وەك نەتەوەی باڵادەست دەزانی، ئەم مافەیان تەنیا بە خۆیان دەبەخشی و حکوومەت و دەسەڵاتیان، بەو واتای تایبەتیی وتە، لە "من" وەك مرۆڤی باڵادەستدا دۆزیوەتەوە. مەلاو پیاوە ئایینییەکان، کە خۆیان بە نوێنەرانی خودا لە سەر زەوی دەناسێنن پیان وایە کە هیچ ئەندێشەیەکی زەوینی خاوەنی ئەو کاریزماو گشتگیرییە نیە کە بتوانێ پێشەنگی کۆمەڵانی خەڵك بێت و دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. پاشاو ئیمپراتۆرەکان، کە لە خوازگەی هێزەوە دەدوێن، خۆیان بە خاوەنی خوێنی پاك و ئەندامی بنەماڵەی پیرۆز کە سەرچاوەی خوداییان هەیە دەزانن.




یان لە کوردستانی خۆشماندا، هەرچەندە کە بە داخەوە هێشتاش خاوەنی وڵات و حکوومەتێکی لەم چەشنە بە شێوازە نوێیە ئەمڕۆییەکەی نین، کەچی بیری زاڵ بۆ وڵامدانەوەی پرسیارە چەواشەکارانەکەی ئەفلاتون زیاتر لە چوارچێوەی دوو بیرۆکەی سەرەکیتری خواستی عەشیرەیی و مێژووی حیزبایەتیدا دەخولێتەوە.

بەداخەوە زۆر جار مرۆڤ، بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهانی سێهەم دا، قوربانیی باوەڕێك دەبن کە کەمترین زانیارییان لە بارەیدا هەیەو زۆربەی کات دەسەڵاتداران بە ئاگاداری لەم بابەتانە لە چوارچێوەی هەرچی زیاتر بە پیرۆز کردنی ئەم باوەڕانەو لاوازیی ڕۆشنبیریی گشتی لە نێو کۆمەڵگا لە پێناوی بەرژەوەندیو بەهێز مانەوەی خۆیاندا گەورەترین سوودەکانیان لێ وەردەگرن.

مێژوو بۆمانی دەردەخات کە زۆربەی هەرە زۆری دیکتاتۆرییەکان هەڵقوڵاوی ئەم مۆدیلە دیمۆکراسییە ئەفلاتوونییەن و لە ئەنجامی وڵامی بیری گشتیی کۆمەڵگا بەم پرسیارەی "کێ دەبێ حکوومەت بکات" دا بە دەسەڵات گەیشتوون. لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ئەم مۆدیلە دێموکراسییەی حکوومەتی زۆرینە (یا نوێنەرایەتیی زۆرینە) بەسەر کۆمەڵگادا پێشێلکردن یا لانی کەم بەکەم گرتنی مافی کەمینەو بیرە جیاوازەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەندامانی ئەم وڵات یا ئەو کۆمەڵگایە لە جۆرێك بن و جیاوازیی بنەرەتی و بنەمایی، وەك نەتەوەو ئایینیان پێکەوە نەبێ. بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەك ئێراندا بەو هەمووە جیاوازی نەتەوەیی و ئایینییەوە کە هەیەتی ئایا حکوومەت و دەسەڵاتی بەشێکی تایبەت لە خەڵکی وەك

**لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ئەم مۆدیلە دێموکراسییەی حکوومەتی زۆرینە (یا نوێنەرایەتیی زۆرینە) بەسەر کۆمەڵگادا پێشێلکردن یا لانی کەم بەکەم گرتنی مافی کەمینەو بیرە جیاوازەکانی لێ دەکەوێتەوە**

"فارسی شیعە" کە نوێنەری تەنیا یەکێك لە نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی ئێرانن، ڕەوایەو پێکهاتەیەکی دێموکراتیك و مرۆڤسالارانەی هەیە؟! هەمووشمان ئەوە دەزانین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی١٩٧٩ی زایینیدا لە ئاکامی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە دژی نیزامی پاشایەتی و بە دەنگی زۆرینەی نزیك بە تەواوی خەڵك هاتە سەر کارو بە دەسەڵات گەیشت. (گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕیفراندۆمی هاتنە سەر کاری نیزامی کۆماری ئیسلامیی تەحریم کردو دەنگی پێ نەدا). هەر چەند کە بە پێی لێکدانەوەی گشتیی فەزای نێو کۆمەڵگای ئێران و ڕاپرسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێستای نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ئەم حکوومەتە بە ڕەوا نازانن و خوازیاری لە سەر کارلاچوونی نیزامی ویلایەتی فەقیهن.

با جارێکی دیکەش دووبارە بگەڕێینەوە سەر پرسیارە بنەماییەکەی ئەفلاتوون کە بە مەبەستی داڕشتنی پێکهاتەی دێموکراسیی یۆنانی پێش زایین ئاراستەی کرد. "کێ دەبێ حکوومەت بکات؟" ئەفلاتوون دەڵێ: باشترینەکان. کێ باشترینەکان دیاری دەکات؟ دێموکراسیی ئەفلاتونی دەڵێ: خەڵك. کام خەڵك: زۆرینە؟ پرسیاری پێویست ئەوەیە کە، ئایا زۆرینە هەمیشە ڕاست دەکات؟! یا مرۆڤ پێویستە بەردەوام ملکەچی دەنگی زۆرینە بێت؟! کە ئەگەر وابێ ڕۆشنبیری لاواز دەبێ و بیری جیاواز دەخرێتە پەراوێزەوەو دیکتاتۆریی زۆرینە، کە زۆربەی جار بە تایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لارێ و چەواشەی هەڵە باوەڕمەندەکانە، باڵی بە سەر پەیکەرەی کۆمەڵگادا دەکێشێت و هەنگاوەکانی پێشکەوتن بەرەو ئامانجە ئەرێنی و خوازراوەکانی سەرکەوتن قورس و بە جێماوتر دەبن.

ئەم باسە بەجێ دێڵین و وای دادەنێین کە پێویستە ڕێزی دەنگی زۆرینە بگیرێ. بەڵام ئایا نابێ سنوورەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتی هەڵقوڵاوی دەنگی ئەم زۆرینەیە دیاری بکرێت؟! ئەوەی دێموکراسیی زۆرینەی ئەفلاتوونی بیری لێ نەکردۆتەوە سنووری جوگرافی و زەمەنیی تایبەتی خۆی هەیە. ئینجا لە هەر حاڵەتێك لە پێکهاتەیەکی دێموکراتیك دا پێویستە زۆرینە دان بە مافی کەمینە یا کەمینەکان دا بنێ و ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کە ئەگەرچی زۆرینە دەسەڵاتدارانی سەرەکین، بەڵام دەسەڵاتی تەواوی نیەو دەبێ لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵات دا کەمینەش تێکەڵ بە دەسەڵات بکات. لە هەموو شتێك گرینگتر ئەوەیە کە لە دێموکراسیی نوێی ئەمڕۆ دا، کە جیاوازیی بنەمایی لەگەڵ دێموکراسیی ئەفلاتوونی دا هەیە، زەمانەت و گەرەنتیی کردەیی بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی دێموکراتیکی خەڵك "وەك ڕەخنە لێگرتنی ئازاد، گوشار هێنان، تەنانەت لابردن" لە گەڵ حکوومەت و دەسەڵاتی زاڵ دا هەبێ. واتە ئەگەر بە هەر هۆیەك پێمان وابێ حکوومەت ڕێزی ئەرك و بەرپرسیارەتییەکانی خۆی ناگرێ و بە پێچەوانەی ویست و داخوازییە گشتییەکانی خەڵك و کۆمەڵگا دەجووڵێتەوەو سیاسەتەکانی بە هەڵە دەزانین، ئەگەری دەربازبونمان لێی هەبێت و بتوانین لە ڕێگای دێموکراتیك و ئاشتیخوازانەوە لایبەرین. واتە ئەوە زۆر گرینگە کە حکوومەت وەك پێکهاتەی گشتیی دەسەڵاتدارێتیی وڵات ئەو ئیمکان و دەرفەتەمان بۆ بڕەخسێنێ و لە دەستووری گشتییش دا ڕەچاوی هەر چەشنە دەستێوەردان و ئاڵوگۆڕێك لە دەوڵەت و دەسەڵات دا بۆ خەڵك کرابێت و ڕێزی لێ بگیرێ.

پێم وایە کە بە تایبەت لە کوردستانی خۆماندا ئەو بابەتە زۆر گرینگ بێت کە نەهێڵین ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بکەوینە داوی ئایدیۆلۆژییەکانەوەو هەڵکەنەری گۆڕی خۆمان بین. وەك چۆن دیتمان بە درێژایی مێژوو هەر کەس یا کەسانێك کە ویستوویانە بە شێوەیەك وڵامی پرسیارەکەی ئەفلاتوون بدەنەوە کە "کێ دەبێ حکوومەت بکات؟!" لە پرۆسەی وڵامدانەوەو هۆناس و ڕێکاری تایبەتیی وڵامەکانیاندا، جۆرێك لە ئایدیۆلۆژی و جیهانبینیی تایبەتیان بەرهەم هێناوە. شایانی باسە ئەگەر ئایدیۆلۆژییەکان لە دەسپێك و لە کاتی

**ڕەنگە پرسیاری گونجاوتر بۆ دەسپێکی پرۆژەی پێکهاتەی دێموکراسی، نە پرسیارەکەی ئەفلاتوون بەڵکوو ئەوە بێ کە "چۆن دەتوانین سیستمێکی یاسایی وا دامەزرێنین کە ڕێگەمان بدات هەر کات ئیرادەی گشتی بخوازێ هەر گۆڕانکارییەکی پێویست و لەوانەش گۆڕانی دەوڵەت پێك بێنین".**

ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا، هەڵگری چەمك و خاڵگەلێکی ئەرێنی و پێشکەوتووانەن، کەچی لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنیان ناتوانن سەرکەوتنێکی دێموکراتیکی ئەوتۆ دەستەبەر بکەن و تەنانەت دژی دروشم و ئامانجەکانی خۆیان دەبنەوە. گرینگ نیە کە ئەم ئایدیۆلۆژیانە ئاسمانی یا زەوینی بن، ئەوە زاتی ئایدیۆلۆژییەو بە هۆی چوارچێوەدار بوونیەوە ناتوانێ وا نەبێ و هەر بیرو کردەوەیەکی بەدەر لە چوارچێوەکەی خۆی بە دژخوازو خراپ دەزانێت و لە بەرامبەریدا دەوەستێت. چۆن لەگەڵ هەر ریفۆرمێك و کردنەوەی دەلاقەیەکی دێموکراسیدا تێك دەقرمێ و بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە. کەوایە بۆ چەند ڕۆژ زیاتر مانەوەی لە دەسەڵاتدا ناچارە داخراوەیی و نەگۆریی خۆی بپارێزێ و پێشی هەر چەشنە هەوڵێکی دێموکراتیك و جیاواز بگرێت. لەگەڵ ئەوەش دا ئێمەی کورد بە درێژایی مێژووی سیاسیی خۆمان هەرگیز نەمانتوانیوە کەڵکێکی ئەرێنی و خوازراو لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆماندا لە ئایدیۆلۆژییەکان وەرگرین و لە خۆماندا بیانتوێنینەوە. کەچی بە پێچەوانەوە، بە هۆی ڕاستی و سادەییمان، تێیاندا تواوینەتەوەو لە دژی باوەڕو ئامانجە نەتەوەییەکانمان بە کارمان هێناون.

ئەوە لە حاڵێك دایە کە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی جیهانیش، لە پرۆسەی بەجیهانیبوون و گلۆبالیی خۆیدا، لە حاڵی تێپەر کردنی قۆناغی ئایدیۆلۆژیمەندی دایەو ئێمەی کوردیش پێویستی هەرچی زیاترمان بە هاوتەریب کردنی خۆمان لەگەڵ دنیای پێشکەوتوودا هەیە. هەروەك چۆن "پۆپەر"یش دەڵێ ڕەنگە پرسیاری گونجاوتر بۆ دەسپێکی پرۆژەی پێکهاتەی دێموکراسی، نە پرسیارەکەی ئەفلاتوون بەڵکوو ئەوە بێ کە "چۆن دەتوانین سیستمێکی یاسایی وا دامەزرێنین کە ڕێگەمان بدات هەر کات ئیرادەی گشتی بخوازێ هەر گۆڕانکارییەکی پێویست و لەوانەش گۆڕانی دەوڵەت پێك بێنین".

*سەرچاوە:*

*١ــ ئازادی و بەرپرسیارەتیی ڕۆشنبیران، کارڵ پۆپەر*

*٢ـ ئەوە تەنیا مۆدنەیەك نیە، میشل فۆکۆ*

### نامەیەکی دوکتورا لە بارەی:

# فیمینیزم لە شێعری کوردیدا

ئامادەکردنی: کوێستان فتووحی

کاتژمێر ٩/٥ی ڕۆژی سێشەمە ٥ی پووشپەڕی ١٣٨٦، ٢٦ی ژوئەنی ٢٠٠٧ لە هۆڵی کولێژی زمانی زانکۆی کۆیە، نامەیەکی دوکتورا لە ژێر ناوی "فیمینیزم لە شێعری کوردیدا" پێشکێش کراو لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە کەوتە بەر باس‌و موناقشە.

توێژەر یا نووسەری نامەکە، مامۆستا عەباس ساڵح عەبدوڵڵا بوو کە تێزەکەی لە سێ بەش دا ئامادە کردبوو.

بەشی یەکەم کە لە سێ "پار" پێك هاتبوو:

پاری یەکەم، قۆناغەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵگا (کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلەداری، فیئودالیزم‌و سەرمایەداری) کە بارودۆخی ژن لە هەرکام لەو قۆناغانەدا هەوێنی باسەکە بوون.

پاری دووهەم: شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٨٩دا، سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی بزاڤی ژنان.

پاری سێهەم، چەمکی فیمینیزم، شەپۆلە جۆراوجۆرەکان‌و بۆچوونەکانیان

لە بەشی دووهەمدا، توێژەر بە زنجیرە، باسی ئەو شاعیرە کوردانەی کردبوو کە لە شێعرەکانیاندا باسی سەربەستیی ژنیان کردوە. بۆ وێنە حاجی قادر، پیرەمێرد، بێکەس، شێخ نووری شێخ ساڵح، هێمن‌و هتد.

لە بەشی سێهەمیش دا مامۆستا عەباس عەبدوڵڵا لە دوو پاردا باسی هەوڵدانی ژنی کورد بۆ مافەکانی‌و سەرهەڵدانی شێعری ژنان لە ئەدەبی کوردیی‌دا کردبوو:

پاری یەکەم، هەوڵدانی ژنی کورد بۆ وەدەستهێنانی داخوازەکانی

پارە دووهەم، دەرکەوتنی شێعری ژنان لە ئەدەبی کوردیدا کە توێژەر لە مەستوورەی ئەردەڵانەوە تا دیارترین سیماکانی ژنانی شاعیر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئاماژەی پێکردبوون.

لێژنەی هەڵسەنگاندن بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر دوکتور محەممەد مەعروف‌و لەم ئەندامانە پێك هاتبوو:

پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور عەزیز عەبدوڵڵا گەردی

پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور فازڵ مەجید مەحموود

پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور کەمال مستەفا مەعروف

پروفیسۆری یاریدەدەر دوکتور محەممەد ئەحمەد سەعید

لە سەرەتادا، پروفیسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ سەرپەرشتیاری نامەکەو ئەندامی لێژنەی هەڵسەنگاندن، توێژەر عەباس ساڵح عەبدوڵڵای ناساند. پاشان توێژەر کورتەیەکی لە بارەی نامەکەی پێشکێش کرد. دواتر هەر کام لە ئەندامانی لێژنەی هەڵسەنگاندن، تێبینی، ڕەخنەو سەرنجەکانی خۆیان لەسەر نامەکە هێنایە گۆڕێ

پروفیسۆری یاریدەدەر د. عەزیز گەردی پێی وابوو توێژەر زیاتر لە پێویست خۆی بە شتی لاوەکی وەك سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان‌و چەمکی فیمینیزم‌و جۆرو شەپۆلەکانی‌یەوە خەریك کردوەو لە بەرامبەردا ئاوڕی لە فولکلوری کوردی نەداوەتەوە کە میراتێکی گەورەی لە داکۆکی لە ئافرەت هەیە.

دووهەم ئەندامی لێژنە کە سەرنج‌و تێبینی‌یەکانی لەسەر نامەکە هێنایە گۆڕێ پروفیسۆری یاریدەدەر د. کەمال مستەفا مەعروف بوو. هەرچی سەرنجەکانی ناوبراو بوو، پێوەندییان بە فۆرم‌و ڕواڵەتی نامەکە وەك خاڵبەندی‌و چۆنیەتیی نەقڵ کردن‌و مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکان دا بوو.

پروفیسۆری یاریدەدەر د. فازل مەجید مەحموود لە نۆبەی خۆی‌دا، ئاماژەی بەو ڕاستی‌یە کرد کە ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیك لە سەر فیمینیزم لە ئەدەبی کوردی‌دایەو بەم بۆنەیەوە دەستخۆشی بە توێژەر گوت. پاشان کۆمەڵێك تێبینیی خۆی لە بواری تیکنیکی‌دا هێنایە گۆڕێ‌و داواشی کرد ناوی نامەکە بکرێ بە "فیمینیزم لە دیالێکتی خوارووی شێعری کوردی‌دا". بەڵام ڕەخنەی لەوە گرت کە توێژەر هێندێك دەقی شێعریی دەقاودەق‌و تەواو نەقڵ کردوون، لە جیاتی ئەوەی فیکرەیەك کە لە شێعرەکان دا هەن وەربگرێ. گوتیشی مادام زۆر لە شێعرەکانی ژنانی شاعیری کورد، فیمینیستی نین، ئەو هەموو بایەخدانە بەوان لە نامەکەدا پێویست نیە.

چوارەم ئەندامی لێژنە پروفیسۆری یاریدەدەر محەممەد ئەحمەد سەعید بوو کە تێبینی‌یەکانی خۆی لەسەر نامەکە هێنایە گۆڕێ. ناوبراو پێی وابوو توێژەر لە ڕووی ڕێزمانەوە کەمتر پەیڕەوی ڕێزمانەکەی کردوەو لە ریزبەندی شاعیرە ژنەکانیش دا، تەرتیبی زەمەنیی ڕەچاو نەکردوە. هەروەها گوتی توێژەر لە جیاتی پشت بەستن بەسەرچاوە بنەڕەتییەکان، زیاتر بایەخی بە گۆڤارو ڕۆژنامەکان داوەو کەڵکی لێ‌وەرگرتوون. ئاماژەشی بەوەدا کە نەتەوەی کورد زۆر زیاتر لە نەتەوەکانی دەوروبەر ڕێزی ژنی گرتوە. لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە کۆمەڵێك لە ژنان لە ئایینی یارسان لە کۆن دا کرد کە ڕێبەری ئایینیی یارسانەکان بوون.

سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندن پروفیسۆر د. کەمال محەممەد مەعروف دواکەس بوو کە سەرنجەکانی خۆی لە



بارەی نامەکە، دەربڕی. سەرۆکی لێژنە ڕای وابوو کە ناوی "کێشەی ژن لە شێعری کوردی‌دا" بۆ ئەم نامەیە گونجاوترە. چونکە فیمینیزم حەرەکەتێکی ژنانەیە کە نابێ پیاو پیادەی بکاو، ئەو داوایانەی بزووتنەوەی فیمینیزم بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایی‌دا، هەوڵیان بۆ دەدا، تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئەمریکاش سەدی ٧٠ی ژنان لەگەڵیان دا نین. ئەمە لەگەڵ هەوڵەکانی ژنی کورد کە داوای یەکسانی‌و ڕێز گرتنی ژنی کردوە، زۆر لێك دوورن.

سەرۆکی لێژنە، لەگەڵ ئەوەی لە سەر ئەنجامەکانی نامەکەش تێبینیی خۆی هەبوو، هەوڵی توێژەر لە ئامادەکردنی نامەکەی‌دا بە هەوڵێکی باش ناوبرد کە پشتی بە سەرچاوەی زۆر بەستوەو بەشکردنەکانی (دابەشکردنی باسەکان)ی بە شێوەیەکی باش ئەنجام دراون.

دوای زیاتر لە دوو کاتژمێرو نیو موناقشە، لێژنەی هەڵسەنگاندن کۆبۆوەو بڕیاری خۆی لەسەر نامەی دوکتوراکە ڕاگەیاند.

لێژنەی هەڵسەنگاندن لە بڕیارەکەی‌دا وێڕای پێداگرتن لە سەر پێویستیی گونجاندنی سەرنج‌و تێبینی‌یەکانی ئەندامانی لێژنە لە لایەن توێژەرەوە، نامەکەی بە پلەی "زۆر باش" لێ‌قبووڵ کردو بەم جۆرە شەهادەی دوکتورای بە مامۆستا عەباس عەبدوڵڵا پێشکەش کرد.

پێویستە بگوترێ کۆمەڵێك لە نووسەران‌و کادێرەکانی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و هەیئەتێك لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆڕی پێکهاتوو بۆ هەڵسەنگاندنی نامەی دوکتورا لە سەر "فیمینیزم لە شێعری کوردی‌دا" بەشدار بوون.

### دوکتور عەباس ساڵح عەبدوڵڵا لە چەند دێڕێك دا"

ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی کانیسکانی سلێمانی لە دایك بووە. لە ١٩٨١ بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانیی تەواو کردوە. لە ١٩٩٢ لە پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان دامەزراوە تا ساڵی ١٩٩٦ سەرۆکی بەشی کوردی بووە. لە ١٩٩٦ەوە یاریدەدەری ڕاگربووە هەر لەو پەیمانگایە. ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماجێستێری لە سەر ژیان‌و بەرهەمی شاعیرو زانای ئایینی مەلا مستەفای سەفوەت لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ەوە لە کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی لە کۆیە، دامەزراوەو وەك سەرۆکی بەشی کوردی‌و مامۆستا لەو کۆلێژە کە دواتر بووە یەکێك لە کۆلێژەکانی زانکۆی کۆیە، خزمەتی کردوە.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە شێعرو بابەتی ئەدەبیی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە. دوو بەرهەمی چاپکراوی هەیە:

١ـ ڕاز، کۆمەڵە پەخشان

٢ـ گوڵە پەمەیی‌یەکانی ڕۆح (دیوانە شێعر).

# توندوتیژی و ژنکوژی لە کوردستان"

## لە ئێوارە کۆڕێکدا



ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٧ی (٦ی پووشپەڕی ١٣٨٦) سەعات ٧ی ئێوارە لە بنکەی ئەدەبی‌و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە شاری کۆیە کۆڕێك بۆ بەڕێز سۆران عەلیپوور خوێندکاری ماجێستێر لە بەشی مێژوو پێك هات. بابەتی کۆڕەکە "توندوتیژی‌و ژنکوژی لە کوردستاندا" بوو.

کۆڕگێڕ سەرەتا بە کورتی سەبارەت بە گرنگیی باسەکە چەند وتەیەکی پێشکەش کردو گوتی: ئەمڕۆ لە ئاستی جیهانی‌دا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لەگەڵ ئەوەش دا بەردەوام لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا توندوتیژی لە دژی ژنان بەڕێوە دەچێ کە کوردستانیش یەکێکە لەو کۆمەڵانەی توندوتیژی لە دژی ژنانی تێدا بەڕێوە دەچێ‌و چەند ساڵێکە لە پەرەسەندن دایە. سۆران عەلیپوور پاشان باسەکەی لە چەند تەوەردا شیکردەوە: ١ـ پێناسەی توندوتیژی ٢ـ مێژووی توندوتیژی ٣ـ تایبەتمەندیی توندوتیژی‌و کۆمەڵگەی کوردستان‌و توندوتیژی‌و هەروەها ڕێگاکانی کەم کردنەوەی توندوتیژی.

لە سەر کۆمەڵی کوردستان ناوبراو گوتی: کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکە پڕ لە توندوتیژی، بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگایەك بووە هەمیشە توندوتیژیی لەگەڵ کراوە، واتە نەتەوەی کورد هەموو کات قوربانیی هێزە سەرکوتکەرو داگیرکەرەکانی کوردستان بووە. ئەوە وای کردوە کاریگەری هەبێ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ‌و ئەوانیش بەرامبەر بە یەکتر توندوتیژی بنوێنن.

سۆران عەلیپوور لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا ئیشارەی بە کوشتنی "دوعا" کرد کە لە لایەن خێڵ‌و عەشیرەکەیەوە لە سەر مەسەلەی بە ناو شەرەفپارێزی کوژراو گوتی کوشتنی دوعا نابێ لەبیر بچێتەوە نە بە مانای مەرگدۆستی بەڵکوو بە مانای ژیاندۆستی‌و نفرەت کردن لەو کوشتنانە. گوتیشی کوشتنی دوعا تەنیا کوشتنی کچێك نیە، کوشتنی هەموو ژنانە، ئەوە کولتوورێکە لە کوردستان بەداخەوە پەرەی سەندوە. ئەگەر چاو لە زەمەنی دوای کوشتنی دوعا بکەین لەگەڵ ئەوەی باسی زۆری لێ‌کراوەو لە لایەن زۆر کەسایەتی‌و ڕێکخراوو لایەنەوە ئەم کردەوەیە مەحکووم کرا، بەڵام نەك دیاردەکەی کەم نەکردەوە، بەڵکوو ڕووی لە زیادبوونیش کرد. ئەمە کولتوورێکە کە هەروا بە ئاسانی بنەبڕ نابێ. بۆیە پێویستە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەو گۆڕانی ئەو کولتوورە هەوڵێکی جیددی بدرێ‌و گوتی دەسەڵات بە دانانی یاسایەکی گونجاوو دەزگاو ناوەندەکانی پەروەردەو ڕاگەیاندن بە دارشتنی بەرنامە، هەموو دەبێ دەست بدەنە دەستی یەك‌و بۆ گۆڕانی کولتوورو نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنان.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران پرسیارو تێبینی‌یەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ کە کۆڕگێڕ وڵام‌و سەرنجەکانی خۆی لە بارەیانەوە هێنایە گۆڕێ.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

(٣٣)

ب. هانا



### ئاگایی Consciousness

ئاگایی فیمینیستی بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی هەلومەرجی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی‌و، ئاگاداری لە چۆنیەتیی گۆڕانی ئەوان.

فیمینیزم باسی ئەوە دەکا کە کاروباری دیارو سەلماو، لە ڕاستی دا ئەو ناتەباییانەن کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە. ئاگایی فیمینیستی لە یلەی یەکەم دا، ئاگایی‌یە لە زۆر لێکرانی ژنان (bartky,1978).

تەما کاپلان دەڵێ کاتێك هاوپێوەندیی ژنانە بیردۆزەی سیاسی بەرەو دووبارە دیاریکردنەوەی ئاراستە دەبا، ئەمە ئاگایی ژنانە دەردەخا. ئاگایی ژنانە بە گرنگیی زیاتر دان بە پێویستی‌یە مرۆیی‌یەکان لەبەرامبەر پێویستی‌یە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان داو، بایەخدانی پتر بە ژیانی مرۆیی لە هەمبەر سامان، قازانج‌و تەنانەت مافەکانی تاك، دووره دیمەنی کۆمەڵێك وێنا دەکا کە هەتا ئێستا پێك نەهاتوە" (Kaplan, 1982, p.56).

فیلسوفە فیمینیستەکان دەڵێن ئاگایی بریتییە لە کۆمەڵێك لە "وتووێژەکان" ی نێوان ئایدۆلۆژیا، ڕاستیی کۆمەڵایەتی‌و حەز. ئەم وتووێژانە بەستراونەتەوە بە تێگەیشتنی ئاگایانە، هەرچەند ناروون لە ڕەوشتی زاڵ بەسەر هەڵکەوتێك یا کردەوەیەك دا (Eisenstein, 1983).

ئامانجی بیردۆزەی فیمینیستی ڕادیکاڵ "گۆڕان لە ئاگایی" دایە کە زۆرتر وەك گۆڕانێك لە پارادیۆم دا باس دەکرێ. بۆ نموونە، سوزان گریفین، ئاگایی فیمینیستی بە شێوەیەکی بە تەواوی نوێی تێگەیشتنی دەزانێ.

سەرچاوە : کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمینیستی"

نووسینی : مەگی هام‌و سارا گەمبل

وەرگێڕان بۆ فارسی :

فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی، ل ٩٢

## لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبنەوە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 465   3 July  2007

الـ`پەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

## چیاکانی کوردستان

## ئارارات ( ئاگری ) Ararat



**بە "یەلماز گۆنای" تەوێڵی بەرزی ئاگری پێشکەشە**

بە ٥١٣٩ میتر بەرزایی لە ڕێکی دەریاوە، بەرزترین و گەورەترین ترۆپکی کوردستان دەژمێردرێ. ئارارات لەو زنجیرە چیایانەی ئاناتۆلیە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیەو لە ٥٠ کیلۆمیتریی شاری "دووبایزید" هەڵکەوتوە. "ئاگری" ئاڵقەی لێک گرێدرانی هەر چوارپارچەی کوردستان و خاڵی پێکگەیشتنی کۆمارەکانی ئێران، عێراق، تورکیەو ئەرمنستانە.

ئەم چیایەو داوێنەکانی، ناوچەیەکی بە تەواوی تووریستین. دیارە نابێ گرنگییە مێژوویی و ستراتیژیکییەکەشیان لە بەر چاو نەگرین.

"ئاگری" خاوەنی دوو ترۆپکی بەرزە کە ناوی یەکیان نووحی گەورەیە کە بەرزاییەکەی ٥١٣٩ میترە. ئەوی دیکە "نووحی بچووک"ی ناوە کە ٣٩١٥ میتر بەرزاییەتیو، لە باری فۆرمەوە بە تەواوی لە کەللە قەند دەچێ. ئەم دوو ترۆپکە بە هۆی چیای "سەردار بولاك" کە ٢٦٠٠میتر بەرزە، لێک گرێ دراون. "سەردار بولاك" بە یەکێك لە جوانترین چیاکانی هەموو جیهان دەژمێردرێ.

لە دەقە جوغرافیاییەکان دا بە ئاگری "جبل المارث"یش گوتراوەو لە نێو کوردانی ئەرمنستان دا "ماسیلس" (مازیك)یش پێ دەڵێن. لە تورکیەش پێیدەگوترێ "ئاگری داغ".

ئاراراتو (ئاگری) سەرچاوەی کانیی زۆرو جۆراوجۆرە کە ئاوی هێندێکیان دێتە نێو خاکی (کوردستانی) ئێران، چۆمی ئەرەس (ئاراگن) یا ئاراز کە بە نێوان (گول داغ ئارارات)یا "هەزار برکە"و "استخر"ی تورکیە لە باکووری ڕۆژهەڵات دا، رادەبرێو بە سنووری چوار وڵاتی ناوبراو دادەنرێ، سەرچاوەکەی ئاراراتە.

لە ترۆپکەکانی دەوروبەری ئاگری دەتوانین جودی، سیپان و سیسەر ناو ببەین. لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی ئەم چیایە، دەبێ ئاماژە بە یەخچاڵە هەمیشەیی و گەورەکانی بکەین کە درێژایی و بەرزایی ئەوان خۆ لە سەد میتر دەدا. لە بەرزاییەکانی خوارەوەتری ئاگریدا، بەراز، ورچ، بزنەکێوی، گورگ، هەڵۆو ماری جۆراوجۆر هەن. دەوڵەمەندیی رووبەری گیایی داوێنەکانی ئەم چیایە کە دەگەڕێتەوە بۆ بارانی زۆر، شتێکە لە چەشنی رووبەری گیایی چیای چلچەمە.

ئاگری حەشارگەی نیە. لە بەرزایی ٣٩٣٢میتریدا، گڕکانێکی تاکو تەنیا لە قوتەیەکی کەللە قەندیی ئارارات دا، هەڵکەوتوە. ئەم بڕوایە بەرەوی هەیە کە کەشتییەکەی نووح لەم چیایە بە بەرد بووە (بووە بە فوسیل) کە دیارە ئیمکانی وێنا کردنی ڕەوەزێکی سروشتیی پێنۆمێنی لە فۆرمی کەشتییەکی زەبەلاح دا هەیە. لە سەر ئاگری را زۆر دیمەنی جوان و سەرنجراکێش بەدی دەکرێن کە دیمەنی شارەکان و گوندەکانی دەوروبەرو پێدەشتە پڕپیتو بەرەکەتەکان لەو جوانییە ئەفسووناوییانەن. شاخەوانان بۆ سەرکەوتن لە ئاگری لە دوو بەرزایی، یەکیان ٢٦٠٠میتریو ئەوی دیکە ٣٧٠٠ میتری دا کەمپ دروست دەکەن. باشترین ڕێگای سەرکەوتن، ڕێگای شاری "دووبایزید" لە لای باشووری ڕۆژئاواوەیە کە ٣ ڕۆژی تەواو دەخایەنێ.

لە باری کەش و هەواوە، ئاگری خاوەنی هاوینی گەرمو وشکو زستان و بەهاری یەکجار ساردە. باشترین وەرزی سەرکەوتن، مانگەکانی هاوینە کە دیارە بارودۆخی کەشوهەوا لە بەرزایی ٣٠٠٠میتردا گۆڕانی زۆری بەسەر دا دێو پێش بینی کردنی، دژوارە. ئاگری بە دیوارێکی سەهۆڵین و هەر لەم کاتەدا بە نیعمەتێکی گەورە دادەنرێ.

سەرچاوە: "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"، ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## لیستەی سەرووەری ( ٨ )

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستان و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێریو دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسین و تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێدەکەین.

٢ـ ئەوانەی پوولی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ ع.ح. سەدو هەشتا هەزار (١٨٠/٠٠٠) تمەن
٢ـ س.م.و حەوسەدو دەهەزار (٧١٠/٠٠٠)
٣ـ ق.خ . حەوسەدو بیست هەزار (٧٢٠/٠٠٠)
٤ـ ئـ.ع (ئـ) پەنجا هەزار (٥٠/٠٠٠)
٥ـ **دۆستێکی دوکتور قاسملوو،** چوار میلیۆن و پێنسەد هەزار (٤/٥٠٠/٠٠٠)
٦ـ ك.م.ك. چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠)
٧ـ خ.ع.س . دووسەدو حەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠)
٨ـ ب. ش. شەش سەدو سی هەزار( ٦٣٠/٠٠٠ )
٩ـ م.ش.ب. نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠)
١٠ـ خ.ب.ش. چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠)
١١ـ ك.ر.خ. نەوەد هەزار (٩٠/٠٠٠)
١٢ـ ع. ح.ر. سەدو هەشتاهەزار (١٨٠/٠٠٠)
١٣ـ ئـ ح.ع. حەوسەدو بیست هەزار(٧٢٠/٠٠٠)
١٤ـ ز.ئـ ح. سەدو هەشتاهەزار (١٨٠/٠٠٠)
١٥ـ ب.ش.ر. چوارسەدو پەنجاهەزار (٤٥٠/٠٠٠)

## مرواریی دەریای وشە

مانەوە لە دڵی کەسانی دوای خۆت دا، ئەوەیە نەمری.
(ئامس کەمپیل)

هێندێك جار سەرکەوتن لە شەڕێك دا، لە دۆڕاندنەکەی خراپترە.
(بیلی هالیدی)

لە ژیان دا نابێ لە هیچ شتێك بترسی، دەبێ تێیبگەی.
(ماری کوری)

لە دەستدانی هومێدی پووچو ئارەزووی نامومکین، بۆ خۆی سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونێکی گەورەیە.
(شکسپێر)

هەوڵ بدە مەزنی لە روانینی تۆ دابێ نەك لەو شتەدا کە لێی دەڕوانی.
(شاندل)

## مەرگی پێشمەرگەیەکی هونەرمەند لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دا

لە دواساتەکانی ئامادە کردنی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بووین کە هەواڵی کۆچی ناوادەی هاوڕێی هونەرمەند "فەردین سادقی"مان لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دا پێ گەیشت.

پێشمەرگەی لاوو هونەرمەندی بە توانا فەردین سادقی خەڵکی سنە کە بە بۆنەی ڕاهێنەر بوونی لە هەڵپەرکێی کوردیو سەرپەرستیی تیپە هەڵپەرکێکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، لە نێو حیزبی دێموکراتو بۆ میدیاکانی کوردستان، ببوو بە ناوێکی ناسراوو سیمایەکی خۆشەویست، بەداخەوە ئێوارە درەنگانی ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕ لە کاتی گەڕانەوە بە ماتۆر سکلێت لە کۆیە بۆ بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ماشێنێك لێی دەداو لە ئاکامی ئەم ڕووداوە دا گیانی لە دەست دەدا.



بە بۆنەی گیان لە دەستدانی ئەم هونەرمەندە جوانەمەرگە ماتەمبارین و لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی، هاوڕێیانیو هەموو ئۆگرانی دەکەین.

"کوردستان"

## ژمارەی تازەی گۆڤاری "تیشك" بڵاو بۆوە

ژمارەی تازەی "تیشك" گۆڤاری سیاسی، روشنبیریو گشتیی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٠٤ لاپەرەدا، بڵاو بۆوە. لە ژمارە ١٩ گۆڤاری "تیشك" (جۆزەردانی ١٣٨٦) دا ئەم وتارو بابەتانە بەرچاو دەکەون: وتەی ژمارە* قازی محەمەدو شەهیدانی کوردستان لە دڵاندا بە نەمری دەمێننەوە* کەسایەتیی پێشەوا قازی محەمەد* سمکۆی قارەمان* خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکداریی ٤٧ـ ٤٦* هەڕەشەی تورکیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان* تورکیەو کێشەی مووسل* باکووری کوردستان، pkk، کێشە هەڵواسراوەکان* هۆیەکانی ئاڵۆزیی سیاسی، قەومیو جوگرافیایی لە قەفقاز* ئالا* سێکۆلاریزم بە مانای سادە* جیاوازیی نێوان خودموختاریو فیدرالیزم* پێوەندیی ئیسلامو وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بازنەی ئاشتیدا.




## ئێرە ئێرانە!



ئێرە ئێرانە، حکوومەتەکەی، حکوومەتی ئیمامی زەمانە، بناغەکەی بە رواڵەت لەسەر کتێبی پیرۆزی قورئانە. ڕێبەرەکەی ڕێبەری موستەزعەفانی جیهانە، بژیوی سەرەکیی خەڵکەکەی، نانە. نرخی نان، گیانە. سامانەکەی بۆ تیرۆریستانی فەلەستینیو لوبنانە. زانستگەکانی، جێگای بەسیجییەکانە. جێگای ڕووناکبیرەکانیشی، زیندانە. هەر کەس نارەزایەتی دەربڕێ، لە کافرانە. ئەوەی بێدەنگ بێ باشترین موسولمانە. بەشداری لە ڕێپێوانی ڕێژیم، گەورەترین نیشانەی ئیمانە. ئەو شتەی ڕۆژ بە ڕۆژ هەرزانتر دەبێ، گیانی ئینسانە.

**لە خوێنەرێکەوە**

## بەر لەماڵاوایی

## ڕاگەیاندنی کوردیو دنیایەکی پڕ سەیرو سەمەرە

قادر وریا

چەند ساڵ لەمەوبەر بابەتێکی کورتم بۆ یەکێك لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکانی هەریمی کوردستان نارد. چەند ڕۆژ دواتر بابەتەکەم بڵاو بۆوە، بەڵام ئەم بابەتە کورتە بە ژمارەی دێرەکانیو بگرە زۆر زیاتریش هەڵەی چاپیی تێدا بوو. هێندێك لە هەڵەکان زۆر بوون. بۆ وێنە لە دەقەکەی من دا، مانگی ١٢و ساڵی ٢٠٠١و... هەبوو، پیتچنەکە بەو هۆیەوە "٢"ی ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە "٣"ی لای ئەوان دەچێ، هەرچی "٢"ی من بوو کردبوونی بە "٣"، مانگی "١٢" ببوو بە مانگی "١٣"و ساڵی ٢٠٠١ ببوو بە ساڵی ٣٠٠١. ئەو پیتچنە لە خۆی نەپرسیبوو ئەرێ بەراستی مانگی ١٣ لەگەڵ ساڵی ١٢ مانگی دا دەگونجێ؟ یا ساڵی ٣٠٠١ کە هێشتا هەزار ساڵمان ماوە پێی بگەین بۆچی لەو نووسینەدا هاتوە؟! ئێستا کاری هەڵەچن و کاربەدەستانی دیکە لەو جۆرە ڕۆژنامانەدا کە ئەم جۆرە هەڵانە نابینن و چاکی ناکەن، چیە؟ نازانم.

نێوەراستەکانی ساڵی ٢٠٠٤ کتێبێکی وەرگێڕدراوی خۆم بردە لای یەکێك لە دەزگا بەناوبانگەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەی هەریمی کوردستان. هەر ئەو کات پێیان گوتم بەرنامەی ئەمساڵمان پڕ بۆتەوەو چاپی کتێبەکەت دەکەوێتە ساڵی ٢٠٠٥. گوتم بەمەرجێك بکەوێتە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥، مەمنوونیش دەبم. ساڵی ٢٠٠٥ چەند جارێك پرسیاری کتێبەکەی خۆم کرد، گوتیان لە بیرمانەو لە بەرنامەمان دایە. بەڵام ساڵ تەواو بوو و هیچ باس نەبوو. ساڵی ٢٠٠٦ یش چەند جارێك سەروسوراغی کتێبەکەم پرسی، گوتیان هەر بارەگای تازەمان ئاوەدان بکەینەوە چاری هەموو کارە دواکەوتووەکانمان دەکەین. ڕاستییەکەی چونکە هەم ژمارە تەلەفون و هەم ئادرەس مایلی منیان لابوو، پێشم عەیب بوو زوو زوو لێیان بپرسمەوە ئەرێ کتێبەکەم چی بەسەرهات، چی دیکە لێم نەپرسییەوە. ساڵی ٢٠٠٧یش نیوەی ڕۆیی. ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٨ گوتم با تەلەفونێك بکەمو هەواڵی کتێبەکەم بپرسم. وەڵامم وەرگرتەوە: خۆ کتێبەکەت ساڵی ٢٠٠٦ چاپ بووە، بەس هەڵەیەکی بچووکی تێدا کراوەو ناوی وەرگێڕ لە "قادر وریا"وە بۆتە "وریا قادر". گوتم لەم هەڵەیە سەیرتر بەلامەوە ئەوەیە کە لەم بستە ڕێیەو لەم سەردەمی عەولەمەو شۆڕشی زانیاریو تەیار بوونی هەموو دەزگاکان بە ئینتێرنێتو مۆبایلو...دا، ساڵێك دواتر پێم دەگوترێ کتێبەکەت چاپ بووە! ئەویش دوای ئەوەی بۆ خۆم لێی دەپرسمەوە!

ئەم ڕۆژانە بەڕێزێك لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانەوە پێوەندیی پێوە گرتم و لە بارەی کۆبوونەوەیەکی پێوەندیدار بە کوردانی ڕۆژهەڵات یەك دوو پرسیاری لێ کردم. لە بارەی پلەو بەرپرسیایەتیم لە حیزبەکەی خۆم دا هیچی نەپرسی و منیش بێگومان بووم کە ئەمانە دەزانێ هەربۆیەش پێوەندیی پێوە گرتووم. کاتێك وەڵامەکەی منی کردبوو بە هەوێنی هەواڵێك بۆ ڕۆژنامەکەیان، کردبوومی بە "ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"! لە حاڵێك دا نەك هەر ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب نیم، حیزبەکەشم ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانە نەك "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"! ئێستا ئەو بەڕێزە بۆچیو لە سەر چ بناغەیەك منی وا ناساندوە، بۆ خۆی دەزانێ!

ژمارەی پێشووی "کوردستان" هەر لەم ستوونەدا، یادی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی چوار ئەفسەری شۆڕشگێڕی کورد (عیزەت عبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحموود قودسیو خەیروڵڵا عەبدولکریم)م کردەوە. چەند شەو دواتر بەو پەڕی سەر سوڕمانەوە گوێم لێ بوو بێژەرێکی تیشك TV، بە هەمان دارشتن، بە هەمان نێوەرۆك و تەنانەت بە زۆربەی وشەو زاراوەکانی بابەتەکەی من، وتارێك لە یادی ئەو چوار ئەفسەرە شەهیدە دا دەخوێنێتەوە! ڕۆژی دواتر کە دیتم بە ناوی خۆی وتارەکەی لە هێندێك ماڵپەر دا بڵاو کردۆتەوە، هاتم لەگەڵ نووسینەکەی خۆم بەراوردم کرد. دیتم نە من بە هەڵە چووم و نە ئەو دۆستانەی لەو بارەوە ئیمەیلیان بۆ ناردبووم و بۆیان نووسیبووم ئەوە هەمان وتارەکەی تۆیە کە ئەو بەڕێزە تیشکاندوویەتی (بە ناوی خۆی دەرخواردی تیشکی داوە)!

ئەم ستوونەی دەیخوێننەوەو نزیك بە ٦ساڵ تەمەنی هەیە، بنیاتنەرەکەی منم، ناوەکەشی هەر من دام ناوە. کەس نیە خوێنەری "کوردستان" بێ و ستوونی "بەر لە ماڵاوایی" بە ناوی بنیاتنەرو نووسەرەکەیەوە، نەناسێتەوە. کەچی دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات، لایەنی بەرامبەر لە حاڵێکدا بە داخەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکە یەکی تێکۆشەرانی وەك دوژمنی خۆیان سەیر دەکەن، هیچ عەیب و ئیرادێکیان لەوەدا بەدی نەکردوە کە بە هەمان ناوو لە هەمان شوێنی ڕۆژنامەکەیان دا، ستوونی کەسێکی دیکە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژنامەی خۆیان دا درێژە پێ بدەن!

ئەمساڵ بە ڕێکەوت، برادەرێکی دێرینم، بیرەوەرییەکی زۆر سەرنجراکێشی لە بارەی سەرەتاکانی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و تێپەڕ بوونی پڕ ڕووداوی ٣٢ ساڵ لەمەوبەری ڕێبەران و پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی بە ناوچەی شنۆیەدا بۆ گێڕامەوە. گوتم ئەم شتانەی تۆ دەیانگێڕییەوە، زۆر گرنگن. قەت لە هیچ کوێ ئەم بیرەوەرییەت بڵاو نەکردۆتەوە؟ گوتی نەوەڵڵا. داوام لێ کرد هەرچی زووتر بیانهێنێتە سەر کاغەز تا بە بۆنەی ٣٢ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە بڵاو بێتەوە. شتەکەی بە زەحمەتێکی زۆر تایپ کردو فایلەکەی دامێ. فایلەکەیم هەم بۆ ئادرەسمایلی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" نارد، هەم بۆ ئادرەسی puk میدیا. ئێستاش کە ئێستایە لەم دوو ڕاگەیەنەوە هیچ وەڵامێکم بۆ نەهاتەوە! بە ڕاستی کەم ڕۆژنامەو گۆڤارو دەزگای ڕاگەیاندنی کوردی هەیە کە لە جیاتی ئادرەس مایلێك چەند ئادرەسیان نەبێ، بەڵام بە هەڵکەوت ڕاگەیەنێك پەیدا دەبێ کە وەڵامی ئەو ئیمەیل و بابەتانە بداتەوە کە بۆیان دەنێردرێن!

ئەمانە مشتێکن لە خەروارێك. حاشا لەشتە باشەکانی ڕاگەیاندنی کوردی ناکەم. بەڵام دەپرسم ئەرێ بە بوونی ئەم جۆرە هەڵەو بێسەرەو بەرەییو کەمو کورتیانەوە ئایا شتە باشەکانیشیان کەم ڕەنگو بێ نرخ نابن؟!